Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.1.5

OPEN ACCESS

*Corresponding author
Qaraman Haidar Rahman
Qaraman.rahman@su.edu.krd

RECEIVED :12 /07/2024
ACCEPTED :23/09/ 2024
PUBLISHED :15/02/ 2025

# ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسانی ئەمریکی لە ناساندنی دۆزی کورد لە عێراقدا ١٩٦١-١٩٧٩

**قارەمان حیدر رحمان/** بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، هەرێمی کوردستان،عێراق

**نجم الدين عبدالله اسماعيل/** بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، هەرێمی کوردستان،عێراق

**وشە سەرەکییەکان:**
کورد،
دۆز،
ڕۆژنامە،
شۆڕش،
ئەمریکا

**پوختە**

دۆزی کورد لە عێراق، لەدوای دروستبوونی ئەم دەوڵەتە، یەکێک بووە لەم بابەتانەی تارادەیەکی گونجاو، لەلایەن ڕۆژنامەگەری جیهانی گرنگی پێدراوە. بەڵام لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی کورد لە ساڵی ١٩٦١ تا کۆچی دوایی ڕێبەری شۆڕش مەلا مستەفا بارزانی لە ساڵی ١٩٧٩، ڕۆژنامەگەری جیهانی بەشێوەیەکی چڕ کاری لەسەر هەموو ئەم بابەتانە کردوە، کە پەیوەندییان بەدۆزی کورد هەبووە لەم ناوچەیە. دیارە ڕۆژنامەنووسانی ئەمریکا، بەهۆی ڕۆڵی دیاریان لەم بوارەدا و هاوکات پەیوەندی ئەم پرسە بە هاوکێشە نێودەوڵەتیەکان، زیاتر رووچوونە ناو ئەم باسە. بەم شێوەیە ڕۆڵی پر بایەخیان بینی لە ناساندی دۆزی کورد بەجیهان، لەسەر ئەم بنەمایە ئەم توێژینەوەمان بەناوونیشانی (ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسانی ئەمریکی لە ناساندنی دۆزی کورد لە عێراقدا ١٩٦١-١٩٧٩) تەرخانکرد، بۆ باسکردنی سێ تەوەری سەرەکی، جگە لەم پێشەکییەی بۆ ناساندنی توێژینەوەکە ئامادەمان کرد. لەتەوەری یەکەمی بابەتەکەدا کە بەناوونیشانی(پوختەیەکی مێژوویی لەسەر بواری ڕۆژنامەگەری لە ئەمریکا) هاتوە.. تەوەری دووەم کە بەناوونیشانی(ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسانی ئەمریکا لەگواستنەوەی وێنای شۆڕشی کورد لە باشووری کوردستان(١٩٦١-١٩٧٥) هاتووە. تەوەری سێیەم کە بەناوونیشانی (ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسانی ئەمریکا لە بەرگریکردن لە دۆزی کورد) هاتووە، باسمان لە هەڵوێستی مرۆڤ دۆستانە و هاوسۆزی ڕۆژنامەنووسانی ئەمریکا لەگەڵ دۆز و دۆخی کورد لە عێراق کردوە. دواجار بە چەند خاڵێک کۆی ئەو ئەنجامانەمان خستەڕوو، کە لە کۆتایی بابەتەکە پێی گەیشتین.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## پێشەکی :

ڕۆژنامەگەری لە ئەمریکا بەشێوەی کرداری دەسەڵاتی چوارەم و کاریگەرە و خۆی وەک پارێزەری دیموکراسی و بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵات دەنوێنێ. بەو هۆیەوە ڕۆژنامەنووسانی ئەم وڵاتە هەمیشە خاوەنی قەڵەمێکی ئازادبوون، ئەمیش لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندی وڵاتەکەیان، لەهەردوو دۆخی بەرگری و ئۆپۆزسیۆن بەرامبەر بەدەسەڵات، متمانەی خۆیان لە لای خوێنەرانیان پاراستوە. بە پێچەوانەی ئەمەوە، هیچ ڕاستییەک باس ناکەن و نادرکێنن کە دژی بەرژەوەندی وڵاتەکەیان بێ. دۆزی کورد لە عێراق، بەهۆی گرنگی و بایەخی ناوچەکە بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەمریکا بەشێوەیەکی تایبەتی، کاریگەری هەبوو لەسەر ئەوەی بەشێک لەو ڕۆژنامەنووسانەی گرنگیان بە جەنگی سارد یان بارودۆخی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست ئەدا، گرنگی بەو پرسە بدەن. لەسەر ئەم بنەمایە و بەهۆی گرنگی ڕۆژنامە جیهانییەکان بە تایبەتی ڕۆژنامە ئەمریکاییە متمانە پێکراوەکان، وەک سەرچاوەیەکی ڕەسەن بۆ نووسینەوەی مێژووی کورد، ئەم توێژینەوەیەمان بەناوونیشانی(ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسانی ئەمریکی لە ناساندنی دۆزی کورد لە عێراقدا ١٩٦١-١٩٧٩) ئامادەکرد.

هۆکاری هەڵبژاردنی بابەت: هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە هەڵوێستی نێوەندە ڕۆژنامەوانییە بەناوبانگەکانی ئەمریکایە بەرامبەر بەدۆزی کورد لەعێراق.

گرنگی توێژینەوە: نیشاندانی هەڵوێستی چینی ڕۆشنبیرانی دەستەبژێری وڵاتێکی زلهێزی وەک ئەمریکایە بەرامبەر بەدۆزی کورد لە عێراق، وەک دەسەڵاتی چوارەم و کاریگەر لەسەر بابەتەکە. هەروەها نیشاندانی وێنایەکە بۆ سیاسەتمەدارانی کورد، بۆ سوود وەرگرتن لە دەسەڵاتی چوارەم لە ئەمریکا و چۆنیەتی پێکهێنان و بەهێزکردن و جوڵاندنی لۆبی کوردییە لەم وڵاتە.

سنووری توێژینەوە: لە ڕووی مێژووییەوە، سەرەتای توێژینەوە بەساڵی ١٩٦١ دەست پێدەکات، لەدوای هەڵگیرسانی شۆڕشی کورد لە عێراق و بە کۆچی دوایی ڕێبەری شۆڕش مەلا مستەفا بارزانی لە ئاداری ١٩٧٩، کۆتایی دێت. لە ڕووی جوگرافی، توێژینەوەکە باس لەم پێشهاتە سیاسیانە دەکات، کە لە ماوەی دیاریکراوی توێژینەوەکە لە باشووری کوردستان و عێراق ڕوویانداوە.

میتۆدی توێژینەوە: شێوازی وەسفی و شیکاری لە ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە بەکارهاتووە، بۆ خستنەڕووی ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە پرسی کورد هەبووە لەدیدی ڕۆژنامەنووسانی ئەمریکا.

پێکهاتەی توێژینەوە: ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و سێ تەوەر پێکهاتووە. لەتەوەری یەکەم، پوختەیەکی مێژوویی لەسەر هەڵوێستی ڕۆژنامەگەری ئەمریکا بەرامبەر بەدۆزی کورد بەر لەهەڵگیسرانی شۆڕشی ئەیلول باس دەکەین، دواتر لەتەوەری دووەم کە بەناوونیشانی(ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسانی ئەمریکا لەگواستنەوەی وێنای شۆڕشی کورد لە باشووری کوردستان(١٩٦١-١٩٧٥) هاتووە، باس لە گواستنەوەی ڕووداوەکانی شۆڕشی کورد دەکەین لە ڕۆژنامەگەری ئەمریکا و بەقەڵەمی ڕۆژنامەنووسە دیارەکانی ئەم وڵاتە. لەتەوەری سێیەم باس لە(ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسانی ئەمریکا لە بەرگریکردن لە دۆزی کورد) دەکەین. لێرەشدا باسمان لەهەڵوێستی مرۆڤ دۆستانەی بەشێکی ڕۆژنامەنووسانی ئەمریکا کردوە بەرامبەر نارەحەتییەکانی گەلی کوردستان ، دوای نسکۆی شۆڕش لەساڵی ١٩٧٥ تا کۆچی دوایی مەلا مستەفا بارزانی ڕێبەری کورد لە ئاداری١٩٧٩ لە ئەمریکا.

سەرچاوە سوودبەخشەکان، لەم توێژینەوەیەدا زیاتر سوود لە ڕۆژنامە ئەمریکاییە هاوسەردەمەکان وەرگیراوە، کە لە پێگە زانستییەکەیدا وەک سەرچاوەی ڕەسەن لە نووسینەوەی مێژوو سەیر دەکرێ. بەشێک لەم ڕۆژنامانە ناسراو و بەناوبانگن لە نمونەی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز و واشنتن پۆست. زانیارییەکانی تیایاندا گوازراونەتەوە، بەڕادەیەکی زۆر متمانەپێکرابوون. بەڵام بەشێکی دیکەی ڕۆژنامەکان کە لەویلایەتە ئەمریکییەکان دەرچوون کەمتر ناسراون لە دەرەوەی ئەمریکا، لەگەڵ ئەوەشدا بونەتە سەکۆیەک بۆ بەشێکی ڕۆژنامەنووسانی ئەمریکا بۆ خستنەڕووی تێڕوانینەکانیان لەسەر دۆزی کورد لە عێراقدا.

## ١- پوختەیەکی مێژوویی لەسەر هەڵوێستی ڕۆژنامەگەری ئەمریکا بەرامبەر بەدۆزی کورد بەر لەهەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول

ڕۆژنامەکانی ئەمریکا، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، بایەخیان بە بەشێکی ئەو پرسە گرنگانە داوە، کە پەیوەندییان بە بارودۆخی کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبووە. ئەو بابەتانەشی زیاتر بەدواداچوونی ڕۆژنامەوانیان بۆ کردووە، زیاتر پەیوەندییان هەبووە بەو شۆڕش و ڕاپەرینانەی کوردەکان هەڵیانگیرساندوون لەدژی دەوڵەتەکانی عوسمانی و ئێرانی. لەدەستپێکی ئەو هەواڵانەش کە لەڕۆژنامەیەکی بەناوبانگی ئەمریکی وەک نیویۆرک تایمز٤ بڵاوکرایەوە، پرس و باسی ڕاپەڕینەکەی شێخ عوبێدوڵلای نەهری بوو بەناوونیشانی (کوردە هەڵگەڕاوەکان). لەم باسەدا ڕۆژنامەکە لە میانەی باسکردنی ڕووداوی ڕاپەرینەکە، کوردەکان بە تێکدەر و یاخی بوو لەدەسەڵات وێنا دەکات و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە کوردەکان جارێکی دیکە دەستیان بە ئەنجامدانی کاری توندوتیژی کردەوە و لە وڵاتی فارس ژمارەیەک گوندیان وێرانکردوە.( The New York Times, October 24, 1880, p.2). لە بڵاوکردنەوەی ئەم هەواڵەدا، ڕۆژنامەکە پشتی بە زانیاری دەسەڵاتدارانی ئێران بەستووە، بێ ئەوەی لە هۆکارەکانی هەڵگیرسانی ڕاپەرینەکە بکۆڵێتەوە، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە ئەمریکییەکان لەم ماوە مێژووییەدا، ئاشنایەتیان لەگەڵ دۆزی کورد نەبووە لە ناوچەکەدا و بەگرنگییەوە سەیریان نەکردوە، بۆیە نەچونەتە نێو ووردەکاری ڕووداوەکان.

لەدوای هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی و بەشداریکردنی دەوڵەتی عوسمانی لە جەنگەکە، ڕۆژنامەکانی ئەمریکا هەڵوێستی کوردییان لە جەنگەکە، وەک دۆست و هاوپەیمانی دەوڵەتی عوسمانی دژ بە بەرەی هاوپەیمانان وێنا کرد لە بابەتێکدا، کە بە ناوونیشانی (تورکیا و کورد، هێرش دەکەنە سەر ئینگلیزەکان) بڵاوکردوە، هەرچەندە کوردەکانیان وەک ڕەگەزێکی جیاواز و تایبەت لە ڕەگەزەکانی دیکەی دەوڵەتی عوسمانی نیشانداوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، بەپێی ناونیشانی هەواڵەکە و چۆنیەتی دارشتنی، کوردیان وەک هێزێکی پاشکۆی دەوڵەتی عوسمانی دژ بە وڵاتانی ڕۆژئاوا و بەرە سەربازییەکەیان وێناکردوە. لەم بابەتەدا ئەم ڕۆژنامەیە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە:"بەپێی ڕاپۆرتێکی فەرمی کە لە (١٤ی نیسانی١٩١٥) لەلایەن نوسینگەی هیندستانەوە دەرچووە، لە (١٢ی ئاداری١٩١٥) نزیکەی(١٢) هەزار جەنگاوەری کورد و عەرەب، هێرشیان کردە سەر پێگەکانی بەریتانیا لە (قورنە) و (ئەهواز) لە هەرێمی میسۆپۆتامیا. بەڵام دوورخرانەوە و ٣٠٠ دیل و دوو دەمانچەیان کەوتە دەستی ئینگلیزەکان. لەبەرامبەردا زیانە گیانیەکانی بەریتانیا، بەپێی ڕاپۆرتەکە، (٩٢) کەسی بریندار بوون".( The New York Times, April 15, 1915, p.2).

ئەم جۆرە هەواڵانەی ڕۆژنامەکانی ئەمریکا لەسەر کورد بڵاویان کردنەوە، فاکتەرێک بوون بۆ ئەوەی وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەوروپا و ئەمریکا، بە چاوێکی دۆستانە یان پرسی کورد وەک پرسێکی سیاسی لە سنووری دەوڵەتی عوسمانی سەیر نەکەن، بەڵکو وەک کێشەیەکی ناوخۆیی لە سنووری دەوڵەتەکەدا وێنای بکەن. ئەگەرچی لە ڕووداوەکانی دوای کۆتاییهاتنی جەنگ بە چەند هەواڵێک ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد، کە کوردەکان ڕووبەڕووی دەوڵەتی عوسمانی بونەتەوە بەتایبەتی لەو هەواڵەی لەسەر هەڵگیرسانی شۆڕشی ئارارات لە باکووری کوردستان بەناوونیشانی (کوردە یاخیبووەکان دیاربەکیریان گرت) بڵاویان کردەوە، کە :" کوردەکان لەو ڕاپەرینەدا دەستیان بەسەر (خەربوت) و (دیاربەکر) و (دەرسیم) گرتووە، سەرباری ئەوەی لە ڕۆژئاوای فورات، گەمارۆی (مەلاتیە)یان داوە. هاوکات میر سەلیمیان بە پادشای کوردستان ناساندووە".( The New York Times, February 26, 1925, p.16). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژنامەنووسانی ئەمریکا لەم ڕووداوانە باوڕێکیان بۆ دروست نەبوو، کە کوردەکان خواستی بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانیان هەبێ، لەسنووری دەوڵەتی تورکیای نوێیی میراتگری دەوڵەتی عوسمانی. بەم شێوەیە هەڵوێستی ڕۆژنامەنووسانی ئەمریکا بەرامبەر بە پرسی کورد وەک خۆی مایەوە، تا هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٦١ لە باشووری کوردستان و سەردانیکردنیان بۆ ناوچەکانی شەڕ و دیداری یەکەمیان لەگەڵ ڕێبەری کورد مەلا مستەفا بارزانی و گواستنەوەی کۆی داواکاری و خواستەکانی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان، لە پێناو بەدیهێنانی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و دیموکراتییەت بۆ عێراق. کە لەتەوەرەکانی داهاتو وردەکارییەکانی دەخەینەڕوو.

## 2- ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسانی ئەمریکا لەگواستنەوەی وێنای شۆڕشی کورد لە باشووری کوردستان(١٩٦١-١٩٧٥)

ڕۆژنامەگەری کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ڕەفتاری سیاسی دەرەکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە کۆتاییەکانی جەنگی سارد و دواتریشدا هەبوو. لە کاتێکدا کە چاپەمەنی ئازاد لە ڕۆڵی خۆیدا وەک "دەسەڵاتی چوارەم"، کاریگەرییەکی بەردەوامی لەسەر دارشتنی سیاسەتی دەرەکی ئەم وڵاتە لە کۆتایی سەدەی ڕابردوودا هەبوو. ئەمەش دوای ئەوە هەوڵانە دروست بوو، کە حکومەتی ئەمریکا کاری لەسەر کرد بۆ بەکارخستنی ڕاگەیاندن بۆ خزمەتی سیاسەتی دەرەکی دەوڵەتەکە. دیارە سیاسەتی ڕاگەیاندنی دەرەکی، ڕەگەزێکی سەرەکی سیمای بیر و عەقلی ئەمریکاییەکان بوو(خلف،2023،ص103). ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش وەک ناوچەیەکی پڕ لە خێر و بێری سیاسی و ئابووری، لە خانەی بەرژەوەندییە باڵاکانی ئەم دەوڵەتدا بوو، لەدوای هەڵگیرسانی جەنگی ساردی نێوان بلۆکی ڕۆژئاوا بەسەرکردایەتی ئەمریکا و بلۆکی ڕۆژهەڵات بەسەرکردایەتی یەکێتی سۆڤیەت. عێراق بەهۆی شوێنە جوگرافییە کاریگەرەکەی لەناوچەکە، سەرنجی بەردەوامی ڕۆژنامەگەری و ڕۆژنامەنووسانی ئەمریکای لەسەر بووە، بەتایبەتی دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول لەساڵی ١٩٦١ و دەرکەوتنی خواستە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە بەشی باکووری عیرقدا. ئەمەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر گرنگیدانی ڕۆژنامەنووسانی ئەمریکا بە ڕووداوەکانی شۆڕشی کورد.

شۆڕشی ئەیلول لە باشووری کوردستان لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٦١-١٩٧٥)، یەکێکە لە ڕووداوە دیارەکانی مێژووی هاوچەرخی کورد، بەهۆی کاریگەری و دەرهاوێشتەکانی لەسەر لایەنەکانی سیاسی و ئابووری و تەنانەت کۆمەڵایەتی لە ناوەخۆ و دەرەوەی عێراق، لەئەنجامی تێکەڵبوونی ئەم شۆڕشە بە بەرژەوەندی وڵاتانی هەرێمی و عەرەبی و زلهێزەکانی ئەو سەردەمەی جیهان، کە بەسەر هەردوو بلۆکی ڕۆژهەڵاتی ئیشتراکی و ڕۆژئاوای سەرمایەداری لە جەنگی سارد دابەشبوون(خاروداکي،2013،ص262). ئەم بارودۆخە و خواستەکانی کورد بۆ بەدیهێنانی جۆرێک لەسەربەخۆیی لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی سیاسی نیشتمانی، کە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و دیموکراتییەتی بۆ عێراق ئامانج بوو(جليل،2013،ص484)، بوونە بابەتی گەرمی ڕۆژنامەگەری جیهانی و بەتایبەتیش گۆڤار و ڕۆژنامە پڕ فرۆشەکانی ئەمریکا، کە بەشێکیان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا، پێگەی گرنگ و بەبایەخیان هەبوو، تەنانەت لە ڕیزبەندی گۆڤار و ڕۆژنامە متمانە پێکراوەکان بوون و زۆربەی کات وەک سەرچاوەی هەواڵ لەلایەن ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی دیکەی جیهان سوودیان لێ وەرگیراوە، لە نموونەی ئەم ڕۆژنامانەش ڕۆژنامەکانی نیویۆرک تایمز و واشنتن پۆست بوون، کە لەسەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشی کورد، کار و کۆششی پڕبایەخیان بۆ خستنەڕووی داخوازییەکانی کورد و ڕووداوەکانی شۆڕش و شێوازی بەرەیەککەوتنە سەربازییەکان خستەڕوو، لە ڕێگەی پەیامنێرەکانیان لە بەیروت و تاران و بەغدا و پایتەختەکانی دیکەی وڵاتانی ڕۆژئاوا، هەندێکجاریش بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ڕووداوەکانی شۆڕشی کورد بگوازنەوە، پەیامنێرانی ئەم ڕۆژنامانە، سەردانی ناوچەکانی شەڕیان لە باشووری کوردستان کردوە و بەڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی تێروتەسەل، زانیاری ورد و دروستیان لەسەر بارودۆخی خەڵکی کوردستان و هێزەکانی پێشمەرگە و سیاسەتەکانی حکومەتی عێراق لە دژی شۆڕشی کورد پیادە دەکرد، بڵاوکردۆتەوە (Schmidt, September 12, 1962, p.1).

نموونەی دیاری ئەو ڕۆژنامەنووسانەی بەدرێژایی ماوەی شۆڕشی کورد و لە قۆناغی دواتریش لەدوای ئاشکرابوونی پەیوەندییە نهێنییەکانی کۆشکی سپی لەگەڵ سەرکردایەتی کورد و پاڵپشتییە سەربازی و داراییەکانی وەزارەتی بەرگری و دەزگای هەواڵگری (CIA)ی ئەمریکا، لێکۆڵینەوە و بابەتی ڕۆژنامەوانی جۆراوجۆریان لەسەر پرسی کورد بڵاوکردەوە، دانا ئادامز شمیدت(Dana Adams Schmidt)، سیمور تۆپینگ (Seymour Topping)١ و ( ئێریک پێس Eric Pace) و( تۆماس ئێف برادی Thomas F. Brady )٢ و (ڕیمۆند ئێچ ئەندەرسۆن Raymond H. Anderson) و(جاک ئەندرسون Jack Anderson) (جەیمس ئێف کلاریتی James F.Clarity) و (ویلیام سافایر William Safire)٣ و چەندانی دیکەبوون.

سەرەتای گرنگیدانی ڕۆژنامەنووسانی ئەمریکا بەدۆز و دۆخی کورد لەدوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول لە کوردستانی عێراق، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەواڵەی پەیامنێری ئاژانسی ئەسۆشیتد پرێس لە ڕۆژنامەی ( Youngstown

Vindicator) بەناوونیشانی(١٥ هەزار سەربازی عێراقی ناتوانن هۆزێک لەناوببەن) بڵاوکردەوە. ڕۆژنامەنووسەکە لەم بابەتەدا هەوڵیداوە شۆڕشی کورد و ڕێبەرەکەی و هەڵوێستی حکومەتی عێراق بەرامبەر بە شۆڕشەکە، بەخوێنەرانی ڕۆژنامەکە بناسێنی و لەم سۆنگەوە نووسیویەتی:" شۆڕشی هۆزە کوردییەکان لە باکووری عێراق، نارەحەتی بۆ رژێمی سەرۆک وەزیران عەبدولکەریم قاسم دروستکردوە. ڕێبەری ڕاپەرینی کورد ناوی مەلا مستەفا بارزانییە. یەکێکە لەشۆڕشگێرە زۆر سەختەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست. نزیکەی (٤) ملیۆن کورد هەیە لە چیا سەختەکانی سنووری عیراق، ئێران، تورکیا دەژین، ئەوان سەربەخۆن و نەتەوەیین. چەندین سەدەیە خەبات دەکەن بۆ بەدیهێنانی کوردستانێکی سەربەخۆی تایبەت بەخۆیان. ڕاستەوخۆ دوای جەنگی دووەمی جیهانی، بارزانی بەشداربوو لە شۆڕشێک لە کوردستانی ئێران و داوای دەوڵەتێکی سەربەخۆی کرد. دواتر چووە یەکێتی سۆڤیەت کاتێک ئێران ڕاپەرینەکەی لەناوبرد. دواتر لەگەڵ سەدان کەس لەلایەنگرانی گەڕایەوە عێراق لەساڵی ١٩٥٨. دوای ئەوەی قاسم رژێمی پادشایەتی لەناوبرد لە عێراق. زۆر کات بە بارزانی دەڵێن کۆمۆنیستە، بەڵام چاودێرە ڕۆژئاواییەکان لەبەغدا باوەریان بەوە نیە. یەکێکیان گوتی ئەو بۆ ئێمە وادیارە ناسیۆنالیستێکی کوردە. هیچ دیار نیە فەلسەفەیەکی کۆمۆنیستی هەبێ. جەنگاوەرانی بارزانی، کە ژمارەیان بە نزیکەی (٣) هەزار کەسە، نزیکەی (٢،٥٠٠) میل چوارگۆشەیان لە باکووری عێراق لەژێر دەستدایە بەدرێژایی سنووری تورکیا و ئێران. نزیکەی (١٥) هەزار سەربازی سوپای عێراق و ژمارەیەکی زۆر لە پۆلیس، هەوڵیاندا کوردەکان لەناوببەن، بەڵام نەیانتوانی (Makinley,May22,1962, p.14). دیارە مەلا مستەفا بارزانی لەسەر زاری خۆیەوە ئەمەی باسکردوە کە ئەو هیچ کاتێک نەکەوتۆتە ژێر کاریگەریی بیر و فەلسەفەی کۆمۆنیستی، لەم بارەوەش وەک لە سەرچاوەیەکدا هاتووە دەڵێت:"من شیوعی نیم، وە شیوعییەتم خۆش ناوێ. من دیموکراتیم وە حەزدەکەم لەگەڵ گەلەکەی خۆم بە ئاشتی بژیم لە سێبەری یەکسانیدا، هەر کات دەرفەتم بۆ ڕێک بکەوێ، ئاڵای کوردستان لە هەر ناوچەیەکی کوردستان بێ بەرزی دەکەمەوە، ئینجا ئەگەر ئەو خاڵە لەعێراق یان ئێران یان تورکیا بێ، هیچ جیاوازی نییە"( تفرشیان، 2003،ص٢٥٦). لە لایەکی دیکە بەهۆی ئاشنا نەبوونی ڕۆژنامەنووسانی ئەمریکی بە بارودۆخی شۆڕشی کورد، لەو بابەتە و چەند بابەتێکی دیکەی هاوشێوەدا، شۆڕشی ئەیلویان بە ڕاپەرینی هۆزێک وێنا کردوە لە کاتێکدا ئەم شۆڕشە هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی گەلی کورد تێدا بەشداربوون و سەرتاپای ناوچەکانی باشووری کوردستانی گرتبویەوە لە خانەقینەوە تا زاخۆ.

شیاوی باسە بەشێکی زۆری ئەم ڕۆژنامەنووسانەی لەپێشەوە ئاماژەمان پێکردن، لە ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز) کاریان دەکرد. هەر لەسەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول لە عێراق لە ئەیلولی ١٩٦١، بایەخی زۆریان بە دۆزی کورد داوە، بەتایبەتی دوای ئەو گەشتەی یەکێک لەم ڕۆژنامەنووسانە بەناوی دانا ئادامز شمیدت(١٩١٥-١٩٩٤) بۆ ناوچەکانی شەڕ لە باشووری کوردستان ئەنجامیدا. شمیدت هەوڵیدا لە گەشتەکەیدا وێنای ڕاستەقینەی بارودۆخی ناوچەکە و خەڵکی کوردستان، بگوازێتەوە بۆ بەر دیدی خوێنەرانیان لەناوچە جیاوازەکانی جیهان. سەرباری ئەوەی لە ڕێگەی ئەنجامدانی دیدار و چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ سەرکردە و سەردارانی کورد، مەبەستی بوو پوختەی داخوازی و داواکارییەکانی کورد بخاتەڕوو، بە ئامانجی بەدەستهێنانی پاڵپشتی و هاوسۆزی نێودەوڵەتی بۆ دۆزی کورد لە عێراق." (Schmidt, September 11, 1962, P1,14)

(شمیدت) لە (٤ی تەمموزی١٩٦٢) گەیشتە ناوچەی حاجی ئۆمەران کە لەژێر دەسەڵاتی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بوو(شمیدت ،٢٠٠٩، ل٢٥). دوای ئەنجامدانی گەشتێکی (٥٩) ڕۆژی لە باشووری کوردستان، لە(١ی ئەیلولی١٩٦٢) کۆتایی بە گەشتەکەی هێنا، دواتر کۆی ئەم بابەتەی لە کوردستان ئامادەی کرد، لە سێ ژمارەی یەک بەدوای یەک لە ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز) بڵاوکردەوە. لە ئەلقەی یەکەمی ڕاپۆرتەکەیدا، کە بە ناونیشانی (شۆڕشگێرە کوردەکان باوەڕیان بە سەرکەوتن هەیە)، ڕۆژنامەنووسەکە سەرباری باسکردنی مێژوو، هەروەها جوگرافیای کوردستان و شۆڕشەکانی کورد، هاوکات ڕاپۆرتێکی وێنەیی شۆڕشگێرانی بڵاوکردەوە، کە لە کاتی شەڕەکانیان لەگەڵ سوپای عێراق وێنەی گرتبوون(The New York Times, Sept. 10, 1962, pp.1,14,15)

ئەلقەی دووەمی ڕاپۆرتەکەشی بەناونیشانی (هێز بەتەنها ئامرازی سەرکەوتووە بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی)

بڵاوکردەوە، تیایدا دەقی ئەم دیدارەی لە (٢٥ی ئابی١٩٦٢) لەگەڵ ڕێبەری کورد مەلا مستەفا بارزانی ئەنجامی دابوو بڵاوکردەوە. لە دەستپێکی ئەم بابەتەدا (شمیدت) نووسیویەتی:" ژەنەراڵ مەلا مستەفا بارزانی، ڕێبەری گەلێکی جەنگاوەرە، بەڵکو بارزانی ئەم عەقلەیە کە لەپشت هەڵگەڕانەوەی ئەو کوردانەیە، بەدوای بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمیین لە عێراقدا" (The New York Times, Sept. 11, 1962, pp.1,14)

لە دوا ئەلقەی ڕاپۆرتەکەشیدا، کە ئەلقەی سێیەم بوو، بەناوونیشانی (ژەنەراڵی کوردی شۆڕشگێر، پێشەوایەتی هێزێکی ئامادە بۆ شەڕی پارتیزانی دەکات). ڕۆژنامەنووسەکە باس لە ڕۆڵی مستەفا بارزانی لە ڕێبەرایەتیکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و لێهاتووی ئەم سەرکردەیە دەکات، لە پیادەکردنی شێوازی شەڕی پارتیزانی لەبەرامبەر سوپای عێراق(The New York Times, Sept. 12, 1962, pp.1,18)

بەم شێوەیە وێنای ڕاستەقینەی شۆڕشگێرانی کورد و هۆکارەکانی هەڵگیرسانی شۆڕش و داواکارییەکانی گەلی کورد لەسەر زاری مەلا مستەفای بارزانی و تێروانینەکانی بۆ شێوازی حوکمرانی گونجاو لە عێراق و هەڵوێستی بەرامبەر وڵاتە زلهێز و کاریگەرەکانی ئەو سەردەمە، لە ڕێگای ڕۆژنامەنووسێکی ئەمریکی گوازرانەوە بۆ بەردەم ڕای گشتی جیهانی. لەسەرەتاشدا ئەم بابەتە لەگەڵ ئەم چەند ڕاپۆرتەی (شمیدت) تا ڕادەیەک چارەسەرکرا. دوای ئەوەی (شمیدت) بۆ ماوەیەکی زۆر بووە دەنگی شۆڕشی کورد لە ڕۆژنامەیەکی بەسەنگی نێودەوڵەتی وەک نیویۆرک تایمز. (The New York Times, April 14, 1963, p.8)

ئەو ڕاپۆرتانەی ڕۆژنامەنووسانی ئەمریکا لەسەر شۆڕشی کورد بڵاویان کردنەوە، جگە لەلایەنی سەربازی، لایەنی سیاسیشی لەخۆ گرتبوو. تەنانەت زۆربەی ئەو وردەکاریانەیان لەبارەی کورد و شۆڕشەکەی و داخوازییە نەتەوەییەکانی و وێناکردنی ڕێبەری شۆڕش باسکرد. وەک ئەم وتارەی ویلیام ڕەیان William L. Rayan (١٩١٩-٢٠٠١) نووسەری ئاژانسی هەواڵی ئەسیۆشیتد پریس لە بابەتێکدا بەناوونیشانی (کاستڕۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) لە ڕۆژنامەیەکی ئەمریکی بڵاویکردەوە. نووسەری ئەم بابەتە، لەسەرەتای باسەکەیدا وێنایەکی ڕێبەری کورد مەلا مستەفا بارزانی کردوە و بە کاستڕۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ناساندووە و نووسیویەتی:" شۆڕشگێڕێکی دیکە لە نمونەی کاستڕۆ، دیموکراتی خوازێکە، خەبات دەکات لە پێناو مافەکانی مرۆڤ. ئەگەر شۆڕشی ئەم پیاوە سەربکەوێ، دەردەکەوێ کە کاستڕۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. ئەم کەسایەتییە ڕۆمانسیە مەلا مستەفا بارزانییە، ئەو شۆڕشگێڕێکی سەختە، ڕێبەرایەتی شۆڕشێک دەکات لە دژی حکومەتی عێراق و ئامانجی پێکهێنانی کوردستانێکی نەتەوەییە، لە کوردەکانی عێراق و ئێران و تورکیا(Rayan, sep14,1962, p.8.). دیارە ئەوەی ئەم ڕۆژنامەنووسە لە دوا دێری ناساندنەکەی بۆ خستنەڕووی ئامانجەکانی ڕێبەری گەلی کورد لەو شۆڕشەی هەڵیگیرساند لە ئەیلولی ١٩٦١ بەدیقەت نیە و ئەوەی باسی دەکات سەبارەت بەوەی مەلا مستەفا بارزانی ئامانجی پێکهێنانی دەوڵەتێکی نەتەوەییە لەم شۆڕشەدا، دروست نیە، لەبەرئەوەی ئامانجی شۆڕشەکە، بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و دیموکراتیەت بۆ عێراق بوو.

لەلایەکی دیکە هەر لەبارەی پرسە سیاسییەکانی عێراق و کاریگەریی شۆڕشی کورد لەسەر ڕژێمی حوکمران لە بەغداد، یەکێک لە پەیامنێرەکانی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز بەناوی(سیمور توبینج) لە (١٥ی ئەیلولی١٩٦٢) ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە کە: "سوورەکانی عێراق[مەبەستی شیوعییەکانە] داوای پەیوەندی لەگەڵ کورد دەکەن" . لەم ڕاپۆرتەدا ئەم ڕۆژنامەنووسە نووسیویەتی:" ئەم دیدارەی مەلا مستەفا بارزانی لە هاوینی ١٩٦٢ لەگەڵ پەیامنێری ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز ئەنجامیدا، بووە جێگەی بایەخی زۆربەی نێوەندە سیاسییەکان لە جیهان، بەتایبەتی وڵاتانی جەمسەری شەری سارد، لەمانەش یەکێتی سۆڤیەت. زیاتر لەمەش ڕۆژنامەنووسەکە نووسیویەتی:" حزبی شیوعی عێراق، هەوڵئەدات بۆ ئەوەی سنوورێک بۆ پرۆژەی (بەرەی نیشتمانی) عەبدولکەریم قاسم دابنێ، کە ئامانج تێیدا دژایەتیکردنی شۆڕشی کوردە، پشتگیری لە داخوازییەکانی مەلا مستەفای بارزانی بکەن بۆ ئۆتۆنۆمی Topping, the New York Times, Sept. 15, 1962.p.1,2)

بارودۆخی شەڕ و هەوڵەکانی مەلا مستەفای بارزانی بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی نێودەوڵەتی بۆ شۆڕشی کورد بەم شێوەیەی هەبوو بەردەوام بوو، تا بڵاوبوونەوەی هەواڵی سەرکەوتنی کودەتای سەربازی لە (٨ی شوباتی١٩٦٣) لە

عێراق. ئەم هەواڵە بووە جێگەی بایەخی تەواوی ئاژانسەکانی هەواڵی جیهانی. ڕۆژنامەنووسانی ئەمریکاش لە چوارچێوەی بایەخدانیان بە دۆزی کورد و بەدوا داچوونیان بۆ کاریگەریی ئەم پێشهاتە سیاسییە، چونە سەر نیشاندانی هەڵوێستی حکومەتی عێراق بەرامبەر بە داخوازییەکانی کورد و لەم بارەیەوە جارێکی دیکە دانا ئادامز شمیدت لە بابەتێکدا بەناوونیشانی ( سەرکردە کوردەکان، شاخەکان بەجێدەهێڵن بۆ بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکانی ئاشتی لە بەغداد)، باسی لەوە کرد، لە گفتوگۆیەکانی دانوستانی نێوان کورد و حکومەتی عێراق، شاندی کوردی داوای کشانەوەی هێزەکانی عێراقی کرد، بۆ ئەو شوێنانەی بەر لە(١٩ی ئەیلولی١٩٦١) لەژێر دەستیان بووە. ڕۆژنامەنوسەکە نووسیویەتی:" پێ ناچی سوپای عێراق بەو داواکاریە ڕازی بێت. بەڵام سەرباری ئەمە، کوردەکان لە گفتوگۆیەکانیان جەخت لەسەر سێ بژاردە دەکەنەوە، ئەمانیش ئۆتۆنۆمی بۆ ناوچە کوردییەکان لە چوارچێوەی عێراق. هەروەها دابەشکردنی داهاتی دەوڵەت بە نەوتیشەوە بەشێوەیەکی یەکسان و کشانەوەی هێزە عێراقییەکان لە کوردستان" (Schmidt, February 18, 1963, p.1). پوختەی هەڵوێستی کوردەکان، بەپێی زانیاری ئەم ڕۆژنامەنووسە، بریتی بوو لەوەی کوردەکان ئامادەن هەموو هەوڵێک بدەن بۆ پاراستن و پشتگیریکردنی ئەم حکومەتە، بەڵام بە هەر نرخێک بێت، دەبێ پارێزگاری لە داواکانیان لە بارەی ئۆتۆنۆمی بکرێ. لەم بارەیەوە سەرچاوەیەکی کوردی بۆ ڕۆژنامەکەی ڕوونکردەوە، ئۆتۆنۆمی بە تێگەیشتنی کورد لەو کاتەدا بە مانای ئیدارەیەکی کوردییە بۆ بەڕێوەبردنی ناوچە کوردییەکان. هەروەها سەرکردایەتی کورد داوا دەکات زمانی کوردی لە قوتابخانە کوردییەکان بخوێندرێت و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی دیکە بە زمانی کوردی بە ئازادی دابەش بکرێن. هێزێکی ئاسایشی ناوخۆیی کوردی و تیپێکی سەربازی کوردی لە سوپای عێراق لە ناوچە کوردییەکان جێگیربکرێ. (Schmidt, February 18, 1963, p.1)

داواکارییەکانی سەرکردایەتی کورد جارێکی دیکە لەلایەن حکومەتی عێراق فەرامۆشکران و بێ وەڵام مانەوە. بەو هۆیەوە سەرکردایەتی کورد هەڵوێستی یەکلایی کەرەوەی لەدانوستانەکانیان لەگەڵ حکومەتی نوێی عێراق وەرگرت، وەک پەیامنێری ئاژانسی ئەسیۆشیتد پرێس ( ئەلیکس ئیفتی Alex Efty) دوای دیداری لەگەڵ ڕێبەری کورد مەلا مستەفا بارزانی، کە لە ڕۆژنامەی( The Montreal Gazette )ی کەنەدی بڵاوکراوەتەوە نووسیویەتی:" بارزانی ڕێبەری کوردەکانی باکووری عێراق، دەڵێ فەرمان بە جەنگاوەرانی دەکات بگەڕێنەوە بۆ شەڕ لە دژی ڕژێمی عێراقی نوێ، ئەگەر بەخێرایی ئۆتۆنۆمی وەرنەگرن. ڕێبەرەکە کە تەمەنی (٦٠) ساڵە بەزمانی ڕوسی گوتی: پێویستە حکومەتێک پێکبهێنرێ لە عێراق، دانبنێ بە ڕژێمێکی سەربەخۆی کورد"( Efty, March2, 1963, p.4).

نائومێد بوونی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لە بەدەستهێنانی پشتیوانی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەوروپا، کاریگەریی هەبوو لەسەر چڕکردنەوەی هەوڵەکانیان بۆ نزیکبوونەوە لە یەکێتی سۆڤیەت. ئەم ئامانجەشیان لە چوارچێوەی بابەتێکی ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی سیمور تۆپینج(Seymour Topping) بەناوونیشانی (مۆسکۆ پشتیوانی لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لە عێراق دەکات)، لە ڕۆژی (٦ی ئایاری١٩٦٣) بڵاوکراوەتەوە. ڕۆژنامەنووسەکە لەم بابەتدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە:" حزبی شیوعی سۆڤیەتی ئەمڕۆ پشتیوانی خۆی بۆ خەباتی هێزە شۆڕشگێرە کوردییەکان بە سەرکردایەتی مەلا مستەفا بارزانی ڕاگەیاند، کە لەپێناو بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی لە عێراق شەڕ دەکەن" . (Topping, May 7, 1963.p. 1). ئەمەش دەرەنجامێکی ئەرێنی بوو، بۆ خەباتی ڕزگاریخوازی کورد لە عێراق. بەتایبەتی دوای ئەوەی ئەم ڕۆژنامەنووسە ئەوەی ڕوونکردەوە، کە هەڵوێستی پشتگیریکردنی شۆڕشی کورد لە سۆڤیەت، ئاڕاستەیەکی گشتگیری وەرگرتووە و تەنانەت دەزگا ڕۆژنامەوانییەکانی سۆڤیەت، توندتر لەدامەزراوە فەرمییەکانی ئەم وڵاتە هاتونەتە سەر خەت، بۆ شەرمەزارکردنی دەسەڵاتدارانی بەغداد، بەهۆی بەکارهێنانی توندوتیژی لەپێناو سەرکوتکردنی شۆڕشی کورد. هەموو ئەم تێزەشی لە چوارچێوەی دەقێکی سیاسی ڕێکخستووە و نوسیویەتی:"براڤدا سەرکۆنەی سیاسەتی تیرۆر و تۆقاندنی حکومەتی نوێی عێراق دەکات" . (Topping, May 7, 1963.p. 1,11)

دۆناڵد هـ مەیDonald H.May (١٩٣٥-٢٠١٨) یەکێکی دیکەیە لەم ڕۆژنامەنووسانەی، چۆتە سەر باسکردنی دۆزی کورد و دەرهاوێشەکانی لەسەر سەقامگیری سیاسی لەناوچەکە. لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی بابەتێک ڕۆژی (١٦ی تەمموزی ١٩٦٣) لە ڕۆژنامەی ( The Washington Reporter) بە ناوونیشانی (هۆزە کوردییەکان و سوپای عێراق شەرێکی

سەخت ئەنجام ئەدەن و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٢٠ ساڵ لەمەوبەر). ئەم ڕۆژنامەنووسە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کە هۆزە کوردییەکانی داوای ئۆتۆنۆمی دەکەن، لە شەڕێکی سەخت دانە. کوردەکان حکومەتی عێراق بە پاشگەزبوونەوە لە بەڵێنەکانی و دەستگیرکردنی دانوستکارە کوردەکان و بەکارهێنانی بۆمبی ناپاڵم لە دژی خەڵکی سڤیل و پیاوی بەساڵاچوو و منداڵ و ئافرەتان تۆمەتبار دەکات، لەبەرامبەردا حکومەتی عێراق، کوردەکان بە هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ تۆمەتبار دەکات. ئەوە لەکاتێکدا ڕۆژنامەنووسەکە، لەلای خۆیەوە، زانیاری ئەوەی خستۆتەڕوو، کە کوردەکان بە پشتیوانی و پاڵپشتی یەکێتی سۆڤیەت ئەو شەڕە ئەنجام ئەدەن، ئەگەر دۆخەکە بەو شێوەیەی هەیە بەردەوام بێ، کاریگەریی نەرێنی لەسەر بەرژەوەندی وڵاتانی دراوسێی عێراق و وڵاتانی دیکەی خاوەن هەژموون لەناوچەکە دروست دەکات (May, July 16,1963, p.1). دیارە ئەو زانیارییەی (مەی) لە ڕاپۆرتەکەیدا ئاماژەی پێکردوە سەبارەت بەوەی کوردەکان بە یارمەتی سۆڤیەت شەر دەکەن لەدژی سوپای عێراق، تەواو دروست نیە و بەڵکو لەسەرەتاکانی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول یەکێتی سۆڤیەت تەنها هاوسۆزی لەگەڵ شۆڕشگێرانی کورد هەبوو، بەپێچەوانەوە لەدوای هەڵگیرسانەوەی شەر لە ئاداری ١٩٧٤، سوپای عێراق بە چەک و یارمەتییە سەربازییەکانی سۆڤیەت، هێرشی کردە سەر هێز و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەی کوردستان.

ناساندن و خستنەڕووی دۆزی کورد لەبەردەم ڕای گشتی جیهانی، وەک پێشتر ئاماژەی پێکراوە، یەکێک بووە لەم سوودە بەنرخانەی، ڕۆژنامەنووسانی ئەمریکی لەم ماوە مێژووییەدا بە دۆزی کوردیان گەیاندووە. لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی وتار و دیارە ڕۆژنامەوانی و بڵاوکراوە و نووسراوە سیاسییەکانی سەرکردایەتی کورد. نمونەی ئەم هەڵوێستەش بەدرێژایی ماوەی توێژینەوەکەمان زۆر و هەموو جۆر بوون. وەک هەواڵی بانگەوازەکانی سەرکردایەتی کورد بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی سیاسی و یارمەتی مرۆیی بۆ شۆڕش و خەڵکی کوردستان، کە ئاراستەی دامەزراوە سیاسی و ڕێکخراوە خێرخوازییە نێودەوڵەتییەکانی دەکردن. دیارە ڕۆژنامەنووسە ئەمریکییەکان لە ڕێگەی نیشاندنی ئامادەیی سەرکردایەتی کورد بۆ ئاشتی و دۆزینەوەی چارەسەرێکی دادپەروەرانە بۆ دۆزەکەیان، کاریان کردوە بۆ دروستکردنی هاوسۆزی نێودەوڵەتی بۆ دۆزی کورد لە عێراقدا. بۆ نمونە ئەو کاتەی یەکێک لە ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز هەواڵی دەستپێشخەری سەرۆک وەزیرانی عێراق عەبدولروحمان بەزاز لە (٣٠ی حوزەیرانی ١٩٦٦) بڵاوکردەوە، لە بابەتێکدا بەناوونیشانی (کورد ڕازین بە ئاشتی؛ سەرۆک وەزیران پلانێک ڕادەگەیەنێت، کە لەسەر بنەمای خۆبەڕێوەبەری ناوخۆیی دامەزراوە)، کە ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی توماس ف. برادي(THOMAS F. BRADY) لە بەیروتی پایتەختی لوبنانەوە ئامادەیکرد بوو، ئەمە دەخاتەڕوو کە:" عەبدولڕەحمان بەزاز، سەرۆک وەزیرانی عێراق ئەمشەو لە وتەیەکی ڕادیۆیی لە بەغداوە پلانێکی بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی پێنج ساڵە لەگەڵ کوردەکان لە بەشی باکووری وڵاتەکەی ڕاگەیاند. دواتر لەو شەوە ڕادیۆی بەغدا ڕایگەیاند:" عەبدولڕەحمان عارف سەرۆک کۆمار و بەزازی سەرۆک وەزیرانی عێراق، بروسکەیەکیان لە ژەنەراڵ مستەفا بارزانی، ڕێبەری کوردەکان وەرگرتووە، تیایدا پلانی سەرۆک وەزیرانیان پەسەند کردووە و ئەو جۆرە پەیامانەش مانای ئەوە دەگەیەنن کە ئاشتی بەدیهاتووە. (BRADY, June 30, 1966, p.4)

ڕۆژنامەنووسە بەدیمەنەکانی ئەمریکا، هەمیشە یەکێک لەو پرسانەی زیاتر لەهەر بابەتێکی دیکە گرنگیان پێداوە، بڵاوکردنەوە و خستنەڕووی سەرپێچییە سیاسیەکانی حکومەتی عێراق بووە بەرامبەر ماف و جیاوگە نەتەوەییەکانی کورد لە بەردەم ڕای گشتی جیهانی، لەمانەش هەوڵی دەسەڵاتدارانی بەغدا بۆ بەردەوامیدان بە پرۆسەی بەعەرەبکردنی ناوچە کوردییەکان، بە ئامانجی بچووککردنەوەی سەنگ و ژمارەی کوردەکان، لەو ناوچانەی دەوڵەمەندبوون بەسامانی سروشتی. ئەمەش لە یەکێک لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز، بووە تەوەری سەرەکی باسێکی ڕۆژنامەنووس (ئیریک پیس) بە ناوونیشانی (هۆزە عەرەبییەکان لەلایەن حکومەتی عێراق دەگوازرێنەوە کوردستان؛ ئەم هەنگاوە هەوڵێکە بۆ ڕێگریکردن لە شۆڕشی نوێ بەدوای سەربەخۆیی ناوخۆییدا). لەم باسەدا ئەم ڕۆژنامەنووسە نوسیویەتی:" حکومەتی عێراق بۆ ڕێگریکردن لە نوێبوونەوەی شۆڕشی کورد، دەستیکردووە بە گواستنەوەی بەکۆمەڵی هۆزە عەرەبییەکان بۆ دەوروبەری شاری هەولێر، ئەو ناوچەیە کوردەوارییە دیمەندارەی بە باخەکانی هەنار بەناوبانگە. ئەم سەرچاوانە کە

ئامادە نەبوون ناسنامەی خۆیان بۆ بڵاوکردنەوە ئاشکرا بکەن، ئاماژەیان بەوە کردووە ئامانجی ئەم هەنگاوە هێورکردنەوەی کەمینە توندڕەوەکەی کوردە، کە ئێستا هەڕەشەی دەستپێکردنەوەی یاخیبوونی پێنج ساڵەی خۆیان لە دژی حکومەتی بەغداد دەکەن. شەڕەکە دوای ڕێککەوتنی ئاگربەست لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٦ کۆتایی هات. کوردەکان مەبەستیانە ئۆتۆنۆمی خۆجێیی لە چوارچێوەی عێراق و پشکی زیاتر لە سەروەت و سامانی نەوتی وڵات بەدەستبێنن. ژەنەراڵ بارزانی دەیەوێت هەولێر کە بە حەوزی ماسی و بەرازی کێوی ناسراوە، ڕزگاری بێت لەو ٣٥ هەزار هۆزە عەرەبەی، حکومەتی پێشووی بەغدا لە هەولێکدا بۆ تێکدانی ژمارەی کورد لەوێ نیشتەجێی کردوون".( (PACE, October 3, 1967, p.10

دوای چەند ساڵێک لە شەڕ و ئاشتی، دواجار حکومەتی عێراق لە (١١ی ئاداری ١٩٧٠) لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسی کورد ڕێککەوت بۆ مسۆگەرکردنی بەشێک لەمافە نەتەوەییەکانی کورد لە عێراق لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی. بەڵام تەنها دوای ساڵێک لە ئەنجامدانی ڕێککەوتنەکە، بە ئامانجی خۆڕزگارکردن لە پابەندییەکانی بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە، لە (٢٩ی ئەیلولی١٩٧١) هەوڵی تیرۆرکردنی ڕێبەری کورد مەلا مستەفا بارزانیدا، بەڵام لە هەوڵەکەدا سەرکەوتوو نەبوون و بارزانی ڕزگاری بوو. ئەم ڕووداوە بووە هەواڵی گەرمی بەشێکی زۆری ڕۆژنامە جیهانییەکان بەتایبەتیش ئەمریکاییەکان. لەم سۆنگەوە لە (١٦ی کانونی یەکەمی١٩٧١) ڕۆژنامەی توسکالوسا(Tuscaloosa) لە ویلایەتی (ئالاباما) بابەتێکی بەناوونیشانی (دیارە ڕێبەری کوردەکان پارێزراوەthe leader of kurds seems protected) لەسەر هەوڵی کوشتنی مەلا مستەفا بارزانی لە (٢٩ی ئەیلولی ١٩٧٠) بڵاوکردەوە، کە لە پەیامنێرەکەیان لە بەیروتی پایەختی لوبنان بەدەست گەیشت و تیایدا هاتووە، هەوڵی کوشتنی بارزانی ئامانجەکەی لەباربردن و لەناوبردنی شۆڕشی کوردە لە عێراق(The Tuscaloosa News, 16 Dec1971, p.22).      لەدوای هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە ئاداری ١٩٧٤ لە نێوان کورد و حکومەتی عێراق، بەهۆی پەشیمان بوونەوەی ئەوەی دوایی لەجێبەجێکردنی ڕێککەوتنامەی ئاداری١٩٧٠. ڕۆژنامەنووس (هال موکلور Hal Meclure) بابەتێکی لە ڕۆژنامەی (The Day) لە (١٣ی تەمموزی ١٩٧٤) بەناوونیشانی (شەڕی کوردستان تێدەپەڕێ، بێ ئەوەی هەستی پێبکرێ) بڵاوکردەوە. لەم بابەتەدا نووسەر باس لەوە دەکات:" کوردستان ناوچەیەکە و لەسەر نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا نییە، تەنانەت لەلایەن هیچ وڵاتێک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست دانی پێدانەنراوە. هەندێک کات وەک ناوچەیەکی ئەفسانەیی وایە، بەڵام لە واقیعدا ئەو خاکە بوونی هەیە، ئەمیش لەهزری مەلا مستەفا بارزانی، ڕێبەرە تەمەن حەفتا ساڵییە بەهێزەکەی عێراق. دەمێکە کورد خەونی درێژ دەبینێ بە یەکبوون و یەکپارچەیی خاک و خەلقەکەی کە (١٠) ملیۆن کوردە لە سەر خاکێک نیشتەجێن (٦٠٠) میل درێژە و بەشێوەی کەوانەیی دەرکەوتووە و لەچەند بەشێک پێکهاتوە کە کەوتونەتە سنووری وڵاتانی تورکیا و ئێران و سوریا و عێراق. ئامانجیان دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆیە"(.Meclure,Sep13,1974,p.3 ).

لەلایەکی دیکە ڕۆژنامەنووس دیڤید هۆلدن David Holden(١٩٢٤-١٩٧٧) لەسەر هەمان پرس و بابەت، لە ڕۆژنامەی(The Ledger) ئەمریکی، بابەتێکی بەناوونیشانی ( بەبێ ئەوەی کەس هەستی پێ بکات جگە لەعێراق، کوردەکان لەشەڕەکەیان فشاریان دروست کردوە) بڵاوکردەوە، ئەمیش نووسی:" دوای شەش مانگ لەسەرهەڵدانەوەی جەنگ لەنێوان هەڵگەراوە کوردەکان لە باکووری عێراق و هێزەکانی حکومەت، شەڕ لە نێوان هەردوولا گەیشتۆتە جۆرێکی دیکە لە توندوتیژی. بەتایبەتی لەو کاتەی هاوین، ڕێگەیدا بە پرۆسەیەکی فراوانی سەربازی بۆ سەر مۆڵگە کوردییەکان لە شاخ، کە تیایدا(٩٠) هەزار سەرباز و (٣٠٠) تانک تیایدا بەشداربوو. بەو هۆیەوە هەزاران کورد ڕوویان کردە سنووری ئێران و ئاوارەبوون. سەرچاوە ئێرانییەکان، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە (٩٠) هەزار کەس گەیشتونەتە سەر سنوور، بەهۆی بۆردومانەکانی سوپای عێراق لە مانگی ئاداری ١٩٧٤. منداڵی بێ باوک، ئافرەتی بێ پیاو، پیاوی بەساڵاچوو کە توانای چەکهەڵگرتنی نییە. ڕەنگە (١٠٠) هەزار کەسی دیکە بێ شوێن و جێگەبن. هەندێک پێشبینی هەیە پێی وایە ئەگەر ئاستی شەڕەکە بەو شێوەیە بەردەوام بێ، ڕەنگە ژمارەی ئاوارەکان لە کۆتایی ساڵ بگاتە نزیکەی (٥٠٠) هەزار کەس. وەک کوردەکان باسی دەکەن، پرسەکەیان بریتییە لەمافی چارەی خۆنووسین، ئەوان گەلێکی سەربخۆ وموسلمانن بەڵام عەرەب نین. ئەوان باس لەوە دەکەن کە بەگشتی (١٤) ملیۆن کورد دەبن و دابەشبوون بەسەر پێنج

دەوڵەت، لەناوچەكانی ڕۆژهەڵاتی دەریای قەزوین نیشتەجێن، جگە لە (١،٥٠٠،٠٠٠) كەسی دیكەیان لە باكووری عێراق، لەگەڵ سەدان هەزاری دیكە لە سوریا و یەكێتی سۆڤیەت. نزیكەی (٥ تا ٦) ملیۆن كوردی دیكە لە توركیا و ئێران نیشتەجێن. زیاتر لە جارێك هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتی كوردستانی نەتەوەییان داوە، دواترینیان لەژێر چاودێری سۆڤیەت بوو، وەک بەشێک لەهەوڵێكی شكستخواردووی سۆڤەت بۆ فشار دروستكردن لەسەر ئێران و توركیا دوای جەنگی دووەمی جیهانی. بەڵام ئەم وڵاتانە كوردیان سەركوتكردوە"(Holden, september22,1974,.p55. ). بەم شێوەیە ئەم ڕۆژنامەنووسە سەرباری باسكردنی ژیانی نارەحەتی كورد و داواكاری و داخوازییە نەتەوەییەكانی ئەم گەلە، گوزارشتی لە نمونەی گەلانی چەوساوە لە جیهان كردوە، كە ماف و ئازادییەكانیان، لەژێر دەستی بەشێك لە حكومڕانەكانی ئەو سەردەمە زەوتكرابوون. بەڵام نەیانتوانی كاریگەریی ئەرێنی لەسەر سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەكەیان بەرامبەر بە دۆزی كورد لە عێراق دروست بكەن.

ڕۆژنامەی (سبوكان دیلی كرونیكل- Spokane Daily Chronicle)، كە ڕۆژنامەیەكی ڕۆژانەیە و لە واشنتن دەردەچێ، لەكاتی هەڵگیرسانەوەی شەڕ لەنێوان هێزەكانی پێشمەرگە و سوپای عێراق، بابەتێكی بەناونیشانی ( هێزە كوردییەكان بانگەشەی خستنەخوارەوەی دوو فڕۆكەی عێراق) دەكەن بڵاوكردۆتەوە و تیایدا ئاماژەی بۆ ئەوە كردوە كە هەڵگەراوە كوردەكان لە مۆڵگەی خۆیان لەناو شاخەكانی باكووری عێراق، ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن كە دوو فڕۆكە و (٦) تانك و (٣٠٠) سەربازی عێراقیان كوشتوە، لە كاتی بەرگریكردن لەناوچەكانیان لەبەرامبەر هێرشی سوپای عێراق(Spokane Daily Chronicle, March13,1975, p,60.). دواجار ڕۆژنامەی (سبوكان دیلي كرونیكل) لە واشنتن لەڕێگەی بابەتێكی ڕۆژنامەنووس (فیل نیوسوم) لە (٢٧ی ئاداری١٩٧٥) بابەتێكی بەناوونیشانی (كوردەكان لە عێراق ڕادەكەن، دوای بڕینی یارمەتی لەلایەن ئێران) بڵاوكردەوە و ڕایگەیاند كە لەنێو بەفروبارانی چیاكانی باكووری عێراق، كاروانێكی كارەساتباری پەنابەرانی كورد بەرەو سنووری ئێران بەڕێوەن، ڕۆژانە بەنزیكەی (٢) هەزار ئاوارەی كوردی عێراق، دەپەڕنەوە سنووری ئێران. دوای ئەوەی كوردەكان لەماوەی (١٥) ساڵی ڕابردوو بەردەوام شەڕیان كرد لەپێناو ئۆتۆنۆمی، لەو شەڕەدا نەیانتوانی سەركەوتووبن و شكستیان هێنا، چونكە سیاسەتی نێودەوڵەتی بەهۆی بەرژەوەندییەكانی لەنەوت، وازی لێهینان بۆ قوربانیدان. بەو هۆیەوە بارزانی ڕایگەیاند(شەڕ كۆتایی هات)، ئەمەش بۆ بارزانی تاڵ بوو، لەو كاتەی (٤٠) ساڵی ڕابردوو خەباتی كرد لەپێناو دامەزراندنی دەوڵەتی كوردستان( Newsom, March27,1975, p.4.). هەروەک بەشێكی دیكەی ئەم زانیارییانەی لە ڕۆژنامە ئەمریكاییەكان هاتوە سەبارەت بە ئامانجی شۆڕشگێڕانی كورد لە دامەزراندنی دەوڵەتی كوردی، ئەم ڕۆژنامەنووسەش كەوتۆتە هەڵەوە، لەبەرئەوەی وەک پێشتر ئاماژەمان پێكردوە، ئامانجی شۆڕشەكە بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی بۆ كوردستان و دیموكراتیەت بۆ عێراق بوو.

لەدوای نسكۆی شۆڕشی ئەیلول، ڕێبەری كورد مەلا مستەفا بارزانی ڕوویكردە ئێران. وەک ڕۆژنامەنووسی لیز سورگود(Liz Thurgood) لە ڕۆژنامەی (تامبا بایی تامیز) ئەمریكی باسیكردوە، دواجار سەبارەت بە ژیانی بارزانی نووسی:" مستەفا بارزانی كە تاوەكو كاتێكی نزیک پێش ئێستا یەكێک بوو لەجەنگاوەرە ئەفسانەییەكانی شەڕی پارتیزانی لە جیهان، بۆ دواجار تفەنگەكەی دانا و بووە پەناهەندە لە ئێران. ئێستا سەرلەنوێ ژیانی ئاسایی دەستپێكردەوە و لەناوچەیەكی نوێ لە تاران دەژی"( Thurgood, May30,1975, p.10. ).

## ٣. ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسانی ئەمریكا لە بەرگریكردن لە دۆزی كورد

دوای نسكۆی شۆڕشی كورد لە ئاداری ١٩٧٥ و دەستهەڵگرتنی حكومەتی ئەمریكا لە پاڵپشتیكردنی شۆڕشگێڕانی كورد لە عێراق و ئاشكرابوونی پەیوەندییە نهێنییەكانی كۆشكی سپی و وەزارەتی بەرگری و ئاژانسی هەواڵگری ئەمریكا(CIA) بە شۆڕشی كورد. چەند ڕۆژنامەنووسێكی ئەمریكا، كەوتنە سەركۆنەكردنی ئەو سیاسەتەی حكومەتەكەیان بەرامبەر شۆڕشگێڕانی كورد لە عێراق پیادەی كرد. لەم سۆنگەوە شیكەرەوەی هەواڵی بیانی لە ئاژانسی ئەسیۆشیتد پرێس ، بابەتێكی لەڕۆژنامەی (تەلیگراف The Telegraph )ی ئەمریكی بەناوونیشانی ( قوربانییەكان لەپێناو سیاسەتی نەوت) لە (٢٧ی ئاداری١٩٧٥) بڵاوكردەوە و لەبەشێكدا نووسیویەتی:" بەدرێژایی(١٥) ساڵان، كوردەكانی عێراق لەپێناو ئۆتۆنۆمی

جەنگان، جەنگێک کە نەیانتوانی تێیدا سەربکەون و شکستیان هێنا، بەهۆی سیاسەتی نێودەوڵەتی، کە لەپێناو دابینکردنی نەوت بۆ جیهان، ئەوانی کردە قوربانی"( Neusom, March27,1975. p.5.). تێڕوانینی ئەم ڕۆژنامەنووسە ڕاستییەک ئاشکرا دەکات لە بارەی هەڵوێستی چینی بژاردە و ڕۆشنبیری ئەمریکا وەک نمونەیەکی میللی لەسەر سیاسەتی وڵاتەکەیان بەرامبەر بە گەلی کورد، کە تەواو جیاواز و دژە بەراورد بەم سیاسەتە نا ڕوون و نادروستەی کاربەدەستانی کۆشکی سپی بەرامبەر کوردەکان پیادەیان کرد لە پێناو هەندێ بەرژەوەندی تەسک و بەدەستهێنانی دەستکەوتی سیاسی و ئابووری دیارکراو لە عێراقدا.

لە لایەکی دیکە دوای ئاشکرابوونی پەیوەندییە نهێنییەکانی ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی ئەمریکا لەگەڵ شۆڕشی کورد . کە بەشێوەیەکی گشتی بریتی بوو لە بەخشینی یارمەتی دارایی و چەک و زەخیرەی جەنگی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شەڕەکەیاندا بەرامبەر سوپای عێراق، بە ئامانجی بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانیان، ڕۆژنامەنووس (ویلیام سافیر)، کە یەکێک بوو لە نووسەرە دیار و بەناوبانگەکانی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز، چەند زانیارییەکی نهێنی لەسەر ڕاپۆرتی ئەو لێژنەیە دەستکەوت کە بەلێژنەی(پایک)٥ ناسراوە و لەلایەن کۆنگریسی ئەمریکا پێکهات، دوای ئەوەی پەیوەندییە نهێنییەکانی ئیدارەی کۆشکی سپی لەگەڵ شۆڕشگیرانی کورد ئاشکرابوو. بەو هۆیەوە ئەم ڕۆژنامەنووسە لەڕۆژی(٥ی شوباتی١٩٧٦) بابەتێکی بەناوونیشانی ( فرۆشتنی نهێنی فۆرد) لە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز بڵاوکردەوە و تیایدا نووسی:" یەکێک لەبەشەکانی ڕاپۆرتی لێژنەی پایک کە تاکو ئێستاکە نهێنیە، دوو دڵی دروست دەکات بەشێوەیەکی تایبەت بۆ کۆشکی سپی، ئەمیش ئاشکرابوونی کاری شەرمەزارکەرانەیە، پێویستە سەرۆک فۆرد بەرپرسیارەتی خیانەتکردن لە گەلی کورد هەڵبگرێ...لە فرۆشتنێکی نا مەعقول سەرۆک فۆرد لەسەر بنەمای ئامۆژگاری وەزیری دەرەوە هێنری کیسینجەر، بانگەوازی هاوکاری ژەنەراڵ مستەفا بارزانی ڕێبەری کوردی فەرامۆشکرد، دوای ئەوەی شای ئێران پاڵپشتی خۆی بۆ کورد ڕاگرت"( Safire, Feb. 5, 1976, p.26). بەم شێوەیە سافیر دەرگای ڕەخنە و تانەگرتنی ڕۆژنامەنووسان و ڕای گشتی ئەمریکای بەڕووی کاربەدەستانی کۆشکی سپی کردەوە. هەر بۆیە ڕۆژنامەنووسان بەدوای ئاشکراکردنی تەواوی زانیارییەکانی ئەم ڕاپۆرتە کەوتن، تاکو دواجار ئارون لاسام Aaron Latham(١٩٤٣-٢٠٢٢)بەشێکی زانیارییەکانی ئەم ڕاپۆرتەی دەستکەوت و لەڕۆژنامەی (The Village Voice) لە (١٦ی شوباتی ١٩٧٦) بەناوونیشانی( ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی کە سەرۆک نایەوێ تۆ بیخوێنیتەوە- The CIA Report The President Does not Want You To Read) بڵاوکردەوە. ڕۆژنامەنووسەکە بەپشت بەستن بەزانیارییەکانی لە ڕاپۆرتی لێژنەی بایکدا هاتبوو، ئاماژەی بەوە کرد کە:" ئەمریکا بەنهێنی یارمەتی کوردی داوە و پاشان بە شێوەیەکی پڕ لە شەرمەزارانە وازی لێهێناون"( Latham, February 16,1976, p.85.).

دوای بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی، ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی (ئەمیل جویکۆڤاتی Emile Guikovaty) بابەتێکی لە ڕۆژنامەیەکی بەرازیل بەناوونیشانی (چۆن کوردەکان بە بەرمیلێک نەوت گۆڕدرانەوە) لە (٢١ی ئاداری ١٩٧٦) بڵاوکردەوە و لەدەستپێکیدا نووسی:" ئاشکرایە کوردەکان بوونە قوربانی فێڵبازی. لەئابی ١٩٧٤ لەو کاتەی لەگەڵ ژەنەراڵ بارزانی بووم لە بارەگایەکەی خۆی لە کوردستان، ئەو هەستی بە خیانەتکردن دەکرد. پێی گوتم، زۆر ئاسانە چەندین ملیۆن تەن لەدادپەروەری بەیەک بەرمیل نەوت بگۆڕنەوە[ مەبەستی وڵاتە زلهێزەکان بوو]. بەتایبەتی ئەگەر بخرێنە نێوان دوو بژاردە ( نەوت یان دادپەروەری) نەوت براوە دەبێ. چیرۆکی ئەو خیانەتە لە ئێستادا ئاشکرایە، بەهۆی زانیارییەکانی لێژنەی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا خستیەڕوو، دوای کردنەوەی دۆسییەکانی ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی(Guikovaty,March21,1976, p.73.).

لەلایەکی دیکە سافیر لەبابەتێکدا بەناوونیشانی (کوردەکان و ویژدان) کە لەژمارەی ڕۆژی (١٣ی کانونی یەکەمی ١٩٧٦) ی ڕۆژنامەی (The Dispatach)ی ئەمریکی بڵاویکردەوە، لەبەشێکی بابەتەکەیدا نووسیویەتی:" سیاسەتی نوێی دەرەوەی ئەمریکای خاوەن ئەخلاق، چۆن دەتوانێ یارمەتیدەربێ بۆ بەدیهێنانی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد و ڕەشکردنەوەی پەڵەی ڕەشی خیانەتەکەی. لەو کاتەی گەلی کورد کە وێرانکراوە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەبەشێکی ئازارەکانی کورد بەرپرسیارە، چونکە هیچ دەنگێکی نارەزایی بەرزنەکردۆتەوە. لەسەر ئەم بنەمایە سافیر چەند پێشنیارێکی خستە

بەردەم حکومەتی وڵاتەکەی کە لە(٣) خاڵ کۆی کردنەوە ئەمانیش:

١- پێویستە لەسەرمان ئاماژەیەک بدەین بەوەی ڕازین لەسەر پێشوازیکردن لە (٦٠٠) پەنابەری دیکەی کورد، سەرباری ئەو (٤٠٠) پەنابەرەی پێشتر وەرگیراون. ئەوانەی وەریان دەگرن، پێویستە گەنجان یان چالاکوانەکان بن.

٢-دۆزی کورد و کوردستان، بخرێتە ناو کارنامەی گفتوگۆ دوو قۆڵیەکانمان لەگەڵ روسەکان، چونکە پاڵپشتی و یارمەتی پێشکەش بە عێراق دەکەن و دەسەڵاتیان بەسەر گەورەترین بنکەی ئاسمانی هەیە لە (شعێبە) و بنکەی دەریایی لە (ام قصر) لە عێراق. هاوشێوەی پێشوو ، سۆڤیەت دەتوانێ نێوەندگیری بکات لە نێوان کوردەکان و عێراقییەکان.

٣- پێویستە دۆزی کورد بخرێتە بەردەم کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان

لەم بابەتەدا، هەر بەخۆی ئەم نووسەرە پرسیاری لەخۆی کردوە و دەڵێت، ئایا ئەمە دەکرێ؟ پاشان نووسیویەتی، کەس نازانێ، بەڵام ئەمریکا قەرزارە بە ئەنجامدانی ئەرکێکی لەم شێوەیە بۆ ویژدانی خۆی Safire, , December. (13,1976,p.52).

دوای تێپەڕبوونی ساڵێک، ولیام سافیر لە هاوینی ساڵی ١٩٧٧ لەماڵی کۆلۆنێل ( ریتشارد کینیدی- Richard Kennedy) چاوی بە بارزانی کەوت. سافیر دوای دیدارێکی کورتی لەگەڵ بارزانی وتارێکی بەناوونیشانی ( لەنێوان کوردەکان و هێنری کیسینجەر و کارتەر و ویژدان) لە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز بڵاوکردەوە و لە بەشێکی ئەم وتارەدا نووسیویەتی:" کێ بەرپرسیارە لەم سوکایەتیکردنەی بە متمانەی ئەمریکییەکان کراوە. نەتەوەیەک کە تەنها ویستوویەتی بە زمانی خۆی قسە بکات و پەیڕەوی نەریتە کولتوورییەکانی بکات، وەک هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی لەژێر ئاڵای عێراقدابێ، چی ڕەوایە بە شێوەیەکی سیستماتیک لە ڕەگەوە هەڵکەندراوە و بڵاوەیان پێکراوە... ڕۆژنامەنووسەکە لە کۆتاییدا نووسیویەتی:" مەلا مستەفا ئێستا لە ئەمریکایە، تەمەنی ٧٥ ساڵە و نەخۆشە. هەوڵ ئەدات سەرنجی کارتەر ڕابکێشێ بۆ نەگبەتی گەلەکەی و کاردەکات بۆ شەرمەزارکردنی تاوانەکانی عێراق لەبەردەم ڕای گشتی جیهانی، لەو ماوەیەدا بارزانی داوای لەسەرۆکی ئەمریکا کردووە باسی گەلەکەی لەلای شای ئێران بکات بەڵام کارتەر سەرقاڵە بە گوتاردان لەسەر مافەکانی مرۆڤ"( Safire, December19,1977, p. 31 ). سافیر بەم توانجە هەوڵیدا، گوزراشت لەسیاسەتی نادروستی حکومەتەکەیان بەرامبەر بە گەلانی چەوساوە بکات. بەتایبەتی دوای ئەوەی بینی کارتەر دروشمی پاراستنی مافەکانی مرۆڤی بەرزکردۆتەوە، کەچی سیاسەتی وڵاتەکەی تەواو پێچەوانەی ئەم دروشمە بوو، بەڵکو مافەکانی مرۆڤ بە بەرچاوی کاربەدەستانی ئەم وڵاتە سەرکوتکرا، کارتەریش لەبەرئەوەی دۆخەکە لەگەڵ بەرژەوەندی وڵاتەکەی گونجاو نەبوو، خۆی لە بەرامبەر هەموو ئەو تاوانکاریانەی دژی کورد ئەنجام ئەدرا، بێ دەنگ کرد.

بەشێکی زۆری قەڵەمە ئازادەکانی ئەمریکا لە ریزی ڕۆژنامەنووسە بەناوبانگەکانی ئەم وڵاتە، لەرێگەی ئەو بابەت و وتارە سیاسیانەی لەڕۆژنامەکان بڵاویان کردنەوە، هاوسۆزییان لەگەڵ دۆزی کورد لە عێراق دەردەبڕی و هەریەکێک، بەشیوازێکی تایبەت سەرکۆنەی سیاسەتی حکومەتی ئەمریکای دەکرد بەرامبەر بە کورد. لەم سۆنگەوە جاک ئەندرسون Jack Anderson(١٩٢٢-٢٠٠٥) کە یەکێک بوو لە ڕۆژنامەنووس و ڕەخنەگرە توندەکانی دژی دەسەڵات و سیاسەتە نادروستەکانی ریتشارد نیکسونی سەرۆکی ئەمریکا کاریدەکرد و بەو هۆیەوە کۆشکی سپی لە ئاداری ١٩٧٢ هەوڵی بێدەنگ کردنیدا لەڕێگەی ژەهرخواردکردنی بەڵام لەم هەوڵە ڕزگاری بوو(Mark,2022.p1) ، دوای نسکۆی شۆڕشی کورد لە عێراق، چەند بابەتێکی لەسەر سیاسەتی نادروستی ئەمریکا بەرامبەر بە گەل و دۆزی کورد بڵاوکردەوە. لەیەکێک لەم بابەتانەیدا کە لە(٢٤ی نیسانی ١٩٧٧) لە ڕۆژنامەی(The Tuscaloosa News) بەناوونیشانی (تۆماری ئاژانسی هەواڵگری لەگەڵ نەتەوە بچووکەکان)بڵاویکردەوە، نووسیویەتی:" ئەو یارییەی ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی ئەنجامی ئەدات، زیانی گەورەی بە مرۆڤایەتی گەیاندووە. ئەنجامەکان کارەساتبارن بۆ گەلە چەوساوەکان لە بەرزاییەکانی هیمالایە تا کوردەکان کە لەناوچەیەکی دوورە دەستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەژین. ووردەکارییە بەئازارەکان لە کۆگاکانی دەزگای هەواڵگری ناوەندی نێژراون، بەڵام دەکرێ بەشێکی ئەو چیرۆکە کۆبکرێتەوە. ئەو چیرۆکەی کە چۆن ئاژانسی هەواڵگری گەلانی دواکەوتو و سەرەتایی بۆ مەبەستی سیاسی و ئابووری و سەربازی. دانیشتوانە دوورە دەستەکانی بەکار هێناوە، ئەم خەڵکە تووشی ئازاری گەورەبوون، بەهۆی متمانەیان بە ویلایەتە یەکگرتووەکان. پێویستە

ئەو بەشە غەمگین و شەرمەزارکەرە لە مێژووی ئەمریکا ئاشکرابێ(Anderson, April25,1977. p.3.).

دیارە ڕۆژنامەنوسانی ڕەخنەگر و ئازادەکانی ئەمریکا لەهەموو گۆشەکانەوە، هێرشی توندیان کردە سەر دەسەڵاتی سیاسی و دامەزراوەی هەواڵگری وڵاتەکەیان، بەهۆی فەرامۆشکردنی خواستی کورد بۆ سەربەخۆیی و دەستهەڵگرتنیان لەیارمەتیدانی ئەم گەلە چەوساوەیە. وەک ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی (سمیس هێمپستۆنSmith Hempstone) لە وتارێکی بەناوونیشانی ( ئێستا تاریک، داهاتوو تاریک بۆ کورد) لە ڕۆژنامەی (ساراسوتا )ی ئەمریکی بڵاویکردۆتەوە و لە بەشێکی وتارەکەیدا نووسیویەتی:" بەیەکەوە کۆبووینەوە، بەیەکەوە بەرێگاوە دەرۆیشتین ، بەیەکەوە چوارقۆڵیەکمان پێکهێنا. ژەنەراڵ مەلا مستەفا بارزانی و کوڕەکانی ئیدریس و مەسعود و خۆم. باسمان لە یادگارییە جوانەکان کرد لەو کاتەی لە چیاکانی عێراق بوین لەساڵی ١٩٧٤، کاتێک کوردەکان لەپێناو ئازادی و سەربەخۆیی دەجەنگان و خەریک بوو بەدەستی بێنن، بەڵام ئێستا و داهاتوو بۆ کورد تاریک بوو. ئەوانەی لەلایەن شای ئێران و هاوپەیمانە ئەمریکییەکەی فرۆشران(Smith, July 19, 1977, p.4.).

جاک ئەندرسون لە درێژەی ئەم هەوڵانەی ئەنجامی ئەدا بۆ شەرمەزارکردنی ئیدارەی کۆشکی سپی بەهۆی ئەو خیانەتەی وەک خۆیان باسیان لێکردوە بەرامبەر گەلی کوردی ئەنجامداوە، بابەتێکی دیکەی لەساڵی (١٩٧٨) لە ڕۆژنامەی (The Kentucky New Era) بەناوونیشانی (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێی خۆشە خێڵەکان لەناوبچن) بڵاوکردەوە و تیایدا نووسیویەتی:" لەخانوویەکی سادە لە دەوروبەری واشنتن ڕێبەری ئازای گەلێکی شاخاوی دەژی، ڕۆژانە سەردانی برادەرەکانی دەکات و خەریکی فێربوونی زمانی ئینگلیزییە، چەند هەفتە جارێک سەردانی نەخۆشخانەی مایۆ کلینک دەکات بۆ وەرگرتنی چارەسەری شێرپەنجە کە سییەکانی وێرانکردوە . ئەم پیاوە ژەنەراڵ مستەفا بارزانییە. پیاوێکی بەساڵاچووی تەمەن (٧٥) ساڵە... ژەنەراڵ بارزانی سەردانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی کرد بۆ ئەوەی داوا لە نیکسون و کیسنجەر بکات بۆ بەدەستهێنانی یارمەتی مرۆیی بۆ گەلە ئابلوقە دراوەکەی، بەڵام سەرکردە ئەمریکییەکان ئەوانەی لە مەیدانی جەنگ بەجێیان هێشت، ڕەتیان کردەوە هیچ ئەرکێک بخەنە ئەستۆی خۆیان و بانگەشەکانی بارزانییان فەرامۆشکرد. سەرچاوەکانمان دەڵێن، ئەمانە ڕەتیانکردۆتەوە یارمەتی بدەن وەک ڕێزێک بۆ شای ئێران... لە کۆتایی (٧٠٠) پەنابەری کورد لە ئەمریکا وەرگیراون، تەنها بۆ ئەوەندە هاوکاریەش، داوا لەسەرکردە کوردەکان کراوە بێ دەنگ بن و کارەکە بە نهێنی بپارێزن. لە ئۆردوگای پەنابەران لە (سان دیگۆ) شوێنیان بۆ کراوەتەوە، حکومەتی ئەمریکا هیچ هاوکاری و یارمەتی پێشکەش نەکردوون، بەڵکو ڕێکخراوی پەنابەرانی نێودەوڵەتی، قەرزی پێ بەخشیون، بۆ ئەوەی بتوانن پارەی پلیتی فرۆکە و خەرجییەکانیان دابین بکەن"(Anderson, March11,1978. p.3.).

ئەم زانیارییانەی ئەندرسون بڵاویکردنەوە، ئەوەندەی ئامانجی نیشاندانی خاڵە نەرێنییەکانی سیاسەتی کۆشکی سپی بووە لە بەڕێوەبردنی سیاسەتی دەرەوە، ئەوەندە ئامانجی بەهاناوەهاتنی گەلی کورد نەبووە، لەبەرئەوەی ئازار و نارەحەتییەکانی گەلی کورد لە باشووری کوردستان نەک وەک خۆیان مانەوە ، بەڵکو لە قۆناغی دواتر زیاتر بوون. هەرچەندە ئەم ڕۆژنامەنوسە لە پێناو پێکاندنی ئامانجەکەی لەسەر هەمان شێوازی نوسینی ڕەخنە ئامێزی سیاسی بەردەوام بوو. تەنانەت دوای تەنها دوو ڕۆژ لەبڵاوکردنەوەی بابەتی پێشوو، ئەندرسون لە (١٣ی ئاداری ١٩٧٨) بابەتێکی دیکەی بەناونیشانی (بارزانی بێهودە چاوەڕێی دەکات ئەمریکا یارمەتی کورد بدات) لە ڕۆژنامەی ( Spokane Daily Chronicle)ی ئەمریکی بڵاوکردەوە و لەبەشێکی ئەم بابەتەدا نووسیویەتی:" کوردەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە لەساڵی ١٩٧٢ بەڵێنی زارەکیان لەبەرپرسانی ئەمریکا وەرگرتووە لە باڵاترین ئاست یارمەتیان بدەن، بەڵی ئەوە لەلایەن لیژنەی هەواڵگری ئەنجومەنی نوێنەران ئاشکرابوو کە نوێنەرەکەیان (ئۆتیس بایک) باسی لێوەکرد لە ساڵی ڕابردوو چەکی سۆڤیەتی و چینی بەبەهای چەندین ملیۆن دۆلار لە (کەمبۆدیا) دەستی بەسەردا گیرا، لەلایەن ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی گوازرایەوە بۆ کوردەکان لە ڕێگەی ئێرانەوە بۆ پاڵپشتیکردنی کوردەکان لەساڵی ١٩٧٤. بەڵام کاتێک شای ئێران لە (٦ی ئادار)ی ساڵی ڕابردوو ڕێککەوتنێکی نهێنی لەگەڵ عێراق کرد لەسەر حیسابی کوردەکان، ئەو پابەندییە ئەمریکییە بەرامبەر بە کورد کاریگەری نەما... کوردەکان باس لەوە دەکەن، هەرگیز شەڕیان دەستپێ نەدەکردەوە، ئەگەر دەستەبەری ئەمریکییەکان نەبوایە، هەروەها جەخت لەوە دەکەنەوە کە هەژمونی ئەمریکا لای شای ئێران، توانای هەبوو

لەسەر ئەوەی ڕێگە نەدات خیانەت لەکورد بکرێ... کاتێ شەڕ تەواو بوو، وەک یەهودەکان، کوردەکان پەراگەندەکران. (۳۵) هەزار کورد ڕاگوێزران و خانوەکانیان وێران و تەخت کرا. تەنانەت کوردەکانی ئاوارەی ئێران بوون، جموجۆڵەکانیان و پەیوەندییەکانیان، چاودێری توندی لەسەردایە... بارزانی دەکرێ چەند ئومێدێکی بە ئیدارەی فۆرد هەبێ؟ لەکاتی ئێستا بابەتەکە زیاتر پەیوەندی هەیە بەرێژەیەکی زۆر بەهەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی دەستپێشخەری ئەمریکا بەرامبەر عێراق و ئێران بۆ سووککردنی ئەو بارودۆخە سەختەی لایەنگرانی بارزانی تیایدا دەژین. گەڕانەوەی ڕاگوێزراوەکانی باشووری عێراق بۆ ناوچەکانی خۆیان، بەخشینی ئازادی و ئاسایش بۆ ئەوانەی لە ئێرانن، زیادکردنی ژمارەی ڕێگەدان بەو کوردانەی مەبەستیان بێنە ئەمریکا... سەبارەت بە بارزانی، وەک نووسەرێکی ڕوسی دەڵێت، پیاوێکی سادەیە، پێداگری دەکات بۆ ئەوەی قسە بکات، کاتێک ڕێگەی پێدەدرێ قسە بکات، باس لە ئازادی و شەرەف و کەرامەتی مرۆڤایەتی دەکات، ئەمانەش لەسایەتی واقعی شوێنیان نییە بەرامبەر خەونی ئەو پیاوانەی نەوتیان دەوێ(Anderson, March13,1978. p.3).

مستەفا بارزانی وێڕای هەوڵ و کۆششێکی زۆر بۆ ئاگادارکردنەوەی ڕای گشتی جیهان بەتایبەتی ئەمریکا بە پرسی کورد و پێویستی ئەم گەلە بە کۆمەکردنی بۆ ڕزگاربوون لەم دۆخە هەستیارە سیاسییەی ڕووبەڕووی ببویەوە، بەڵام نەیتوانی پەیژی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی ئەمریکا ببڕێت، کە ڕێگری گەورەیان لەبەردەم ئامانجە سیاسیەکانی دروستکردبوو. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو ئالانگەریانەی لەبەردەمیدا هەبوون نائومێد نەبوو، لەبەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی، بۆیە تا دوا ساتەکانی تەمەنی لەگەڵ دۆزی گەلەکەیدا مایەوە، وەک سیڤن سیمۆنی پەیامنێری ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز لەڕاگەیاندنی هەواڵی کۆچی دوایی ئەو ڕێبەرەدا نووسیویەتی:" دوو کاتژمێر بەر لەمردنی ژەنەراڵ بارزانی، پەرستیارە ئەمریکیەکەی لەلای بوو، خەریکی ئەوەبوو لەسەرەمەرگیدا هەندێک خواردنی پێ بدات، کەچی بارزانی باسی دۆخ و دۆزی گەلی کوردی بۆ دەکرد، تا ئەوساتەی لە کاتژمێر (٥)ی ئێوارەدا گیانی لەدەستدا". (Simon, March 2, 1979, p.13)

هەواڵی گیان لەدەستدانی ڕێبەری شۆڕشی کورد مەلا مستەفا بارزانی، دەنگدانەوەی فراوانی هەبوو لە نێوەندە ڕۆژنامەوانیە جیهانییەکان. لەم سۆنگەوە یەکێک لە ڕۆژنامەنووسەکانی ئەمریکا لە ڕۆژنامەی (واشنتن پۆست) بەناوی (جی وای سمیث ) کاریدەکرد، هەر لەم ڕۆژنامەیەدا ڕاپۆرتە هەواڵێکی بەناونیشانی(پیاوە بەسالاچووە گەورەکەی سەربەخۆیی کورد) بڵاوکردەوە و تیایدا ئەوەی ڕاگەیاند کە:" ژەنەراڵ مستەفا بارزانی ڕێبەری کورد کە پێشەوایەتی شۆڕشێکی کرد لەپێناو بەدەستهێنانی سەربەخۆیی لە عێراق، ئێوارەی پێنج شەممە لە نەخۆشخانەی (جۆرج تاون) بەهۆی نەخۆشی لەتەمەنی (٧٦)ساڵیدا کۆچی دوایی کرد(Smith, March 3. 1979, p.4). لە پوختەی ئەم ڕاپۆرتە هەواڵیەدا، ڕۆژنامەنووسەکە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد ڕێبەری کورد مەلا مستەفا بارزانی لە حوزەیرانی ١٩٧٦ هاتە ئەمریکا، بەهۆی ئەوەی بەدەست نەخۆشی شێرپەنجەی سییەکانەوە دەیناڵاند و چارەسەری لە نەخۆشخانەی (مایۆ) لە ڕوتشستر لە ویلایەتی (مینیسوتا) وەرگرت. لە واشنتن دەژیا، بەڵام لەکاتی مردنی لە (ماکلین) بوو. دای ئەو هەڵمەتە سەربازییەی دوایی سوپای عێراق بەهاوکاری و یارمەتی سۆڤیەت بۆ سەر ناوچە شاخاوییەکانی کوردەکان تێدا نیشتەجێن ئەنجامیدا، ئەم سەرکردەیە هاتە ئەمریکا. بەر لەو شکستە سەربازییە کارەساتێکی سیاسی ڕوویدا، دوای ئەوەی لە ئاداری ١٩٧٥ ئێران دەستی کشاندەوە لەیارمەتیدانی کوردەکان، بەهۆی چارەسەرکردنی کێشەی سنووری لەگەڵ عێراق. بەر لەوە هەردوو دەوڵەت نزیک بوون بچنە ناو شەڕێکی کراوە بەهۆی دۆزی کورد. بەڵام چارەسەرکردنی پرسی سنوور، سەرکەوتوو بوو لە کۆتاییهێنان بەو مەترسییە. لەگەڵیدا هەندێک پێیان وابوو ئەو بابەتە هەڕەشەیە لەسەر سەقامگیری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ژەنەراڵ بارزانی و بەنزیکەی (٢٠٠) هەزار کورد لەگەڵیدا چوونە ئێران، لەکاتی بەجێهێشتنی عێراق، ژەنەراڵ بارزانی بەیەکێک لە ڕۆژنامەنووسانی گوت:" هەندێک کات بارودۆخ باشە، هەندێک جاریش خراپ، ئێستاکە خراپە، ئەمەش ڕاستییەکە لە ڕاستییەکانی ژیان"(Smith, March 3. 1979, p.4).

دوای کۆچی دوایی مەلا مستەفا بارزانی شۆڕشگێرە کوردەکان دابەش بوون بۆ سەر چەند هێزێکی سیاسی جیاواز. ئەمەش کاریگەریی نەرێنی لەسەر بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد دروستکرد. دیارە ڕۆژنامەنووسە ئەمریکییەکان هەستیان

بەو خاڵە لاوازەی کورد کرد، لەدوای مردنی مەلا مستەفای بارزانی، بەو هۆیەوە ڕۆژنامەنووس (جودیس بیریرا Judith Perera) لە بابەتێکدا بەناونیشانی ( کوردەکان هەوڵی یەکبوون دەدەن) لە ڕۆژنامەیەکی کەنەدی نووسی:" مەلا مستەفا بارزانی کە لەسەرەتای ساڵ کۆچی دوایی کرد، پشتگیری ١٥ تا ٢٠ ملیۆن کوردی هەبوو لەڕۆژهەڵاتی ناوەراست. بەڵام سەرنەکەوتنی لە خەباتی خۆیدا بۆ دامەزراندنی ناوچەیەکی سەربەخۆ ، زەحمەتە دوای ئەو بەردەوام بن لەسەر هەمان خەبات. چونکە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی ناتوانێ کەسایەتییەکی وەک بارزانی قەرەبوو بکاتەوە، بۆ ئەوەی شوێنی بگرێتەوە. ئێستا کوردستان دابەشکراوە لە نێوان ترکیا و عێراق و ئێران و سوریا و یەکێتی سۆڤیەت، لەهەر ناوچەیەک مێژووی خەباتی خۆیان هەیە... ئێستا لایەنە سیاسییە کوردییەکان لەدوای مردنی بارزانی دابەشبوون. بۆ یەکخستنەوەی ریزەکانی کورد، هەندێ لەو کوردانەی لە تاراوگە دەژین لەئەوروپا، لێژنەی کاری کوردستان(KAC)یان پێکهێناوە، مەبەستیانە هەموو هێزە کوردییەکان یەکبگرن، بەڵام ئەمەش کارێکی سەخت و زەحمەتە ڕوودبدات( perera, May30,1979, p.58).

## ئەنجامەکان

دوای لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسانی ئەمریکا لە ناساندنی دۆزی کورد لە عێراق لەماوەی نێوان سالانی ١٩٦١-١٩٧٩، گەیشتینە ئەم چەند ئەنجامەی خوارەوە:

١-ئەم بابەتانەی ڕۆژنامەنووسانی ئەمریکا کاریان لەسەر کردوە لە چوارچێوەی کاری پیشەییانەی خۆیان بریتی بوون لە:

آ- گواستنەوەی ڕووداوەکانی شەڕ لە نێوان سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

ب- ئەنجامدانی دیداری ڕۆژنامەوانی لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسی کورد بەتایبەتی لەگەڵ ڕێبەری کورد مەلا مستەفا بارزانی، بۆ خستنەڕووی داواکارییەکانی گەلی کورد لەم شۆڕشەی هەڵیگیرساندووە بەرامبەر بە حکومەتی عێراق.

ج- نیشاندانی ڕادەی کردەی توندوتیژی حکومەت و سوپای عێراق، بەرامبەر بە گەلی کورد و هێزە چەکدارەکانی.

د- نیشاندانی وێنای خۆڕاگری و ئازایەتی هێزی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان، بەرامبەر بە پرۆسەی پاکتاوکردنی رەگەزی، کە لەلایەن سوپای عێراق لەدژیان ئەنجام ئەدرا.

هـ بەدیارخستنی هەڵوێستی سیاسی حکومەتی عێراق بەرامبەر بە دۆزی کورد لە وڵاتەکەیدا.

٢- ئەم راپۆرتانەی لەسەر شۆڕشی کورد لەدوای بڵاوبوونەوەی دیداری ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی لەساڵی ١٩٦٢ لەگەڵ ڕێبەری کورد مەلا مستەفا بارزانی بڵاوکرانەوە بەو ژمارە زۆرە و بەو ڕادەیە لە بایەخ و گرنگی پێدانە، دەرخەری ئەو ڕاستییەن، کە بابەتە ڕۆژنامەوانییەکانی لەسەر شۆڕشی کورد بڵاودەکرانەوە، کاریگەرییان دروستکردوە لەسەر شەقام و ڕای گشتی لە ئەمریکا. ئەم دۆخە لەدوای نسکۆی شۆڕش و گەشتی مەلا مستەفا بارزانی بەهۆی نەخۆشی بۆ ئەمریکا لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٦-١٩٧٩) زەقتر بەدیارکەوت، دوای ئەوەی وەک یەکێک لە ئەنجامەکانی ئەم کاریگەرییە، گەلی ئەمریکا لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا، متمانەی نەبەخشییەوە بە سەرۆک فۆرد بۆ خولێکی نوێی سەرۆکایەتی.

٣- پاڵنەرەکانی ڕۆژنامەنووسانی ئەمریکا بۆ بەدواداچوونی ڕووداوەکانی شۆڕشی کورد و سەرکردەکانی شۆڕش، لەسەرەتادا پەیوەندی هەبووە بەو هەوڵانەی سەرکردایەتی سیاسی کورد بە تایبەتی مەلا مستەفا بارزانی لە ڕێگەی نوێنەرەکانی شۆڕش لە دەرەوەی کوردستان و عێراق ئەنجامی داوە، بۆ ڕاکێشانی ڕۆژنامەگەری جیهانی بۆ ناوچەکانی شۆڕش و گواستنەوەی وێنای ڕاستەقینەی دۆخی کوردەکانی ژێر دەسەڵاتی حوکمڕانەکانی بە کودەتای سەربازی لە بەغداد دەسەڵاتیان گرتبووە دەست، بەهۆی ئەو داخوازییە نەتەوەییانەی گەلی کورد هەیبوو لە چوارچێوەی عێراقدا.

٤- ڕۆژنامەنووسانی ئەمریکا، زیاتر بەدیدێکی مرۆڤ دۆستانە نەک سیاسیانە دۆزی کوردیان لە عێراق خستۆتەڕوو.

٥- ڕۆژنامەنووسانی وەک دانا ئادامز شمیدت و ولیام سافیر و جاک ئەندرسون، زیاتر لەهەر ڕۆژنامەنووسێکی دیکەی ئەمریکی کاریان لەسەر دۆزی کورد لە عێراق کردوە، لەم ماوە مێژووییەدا.

٦- بەشێوەیەکی گشتی، ڕۆژنامەنووسانی ئەمریکا ئامانجیان لە خستنەڕووی دۆزی کورد، کەمکردنەوەی خاڵە لاوازەکانی بەڕێوەبردنی کاربەدەستانی کۆشکی سپی بووە، زیاتر لەوەی وەک بابەتێکی سیاسی سەیری بکەن.

٧- ڕۆژنامەنووسانی ئەمریکا سەرباری کاریگەرییەکانی هەیانبوو لەسەر دەسەلات، بەڵام نەیانتوانی ببنە فاکتەرێکی کاریگەر بۆ ئاڕاستەکردنی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەیان بەرامبەر بە کورد.

٨- ڕۆژنامەنووسانی وەک دانا ئادامز شمیدت و ولیام سافیر و جاک ئەندرسون، زیاتر لەهەر ڕۆژنامەنووسێکی دیکەی ئەمریکی خزمەتیان بە دۆز و دۆخی کورد کردوە.

## پەراوێزەکان

١ – ناوی سیمور توبولسکییە. لە (١١ی کانونی یەکەمی ١٩٢١ لەدایک بووە. ساڵی ١٩٣٩ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە کۆلێژی ڕۆژنامەگەری لە زانکۆی میسوری بەدەستهێناوە. ساڵی ١٩٥٩ لە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز دەستی بە کاری ڕۆژنامەنووسی کردووە. ماوەی (٣٤) ساڵ لەم ڕۆژنامەیە وەک پەیامنێر و نووسەر و بەرپرسی نووسینگەی مۆسکۆ و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و یاریدەدەری بەڕێوەبەری نووسین(١٩٦٩-١٩٧٦) و جێگری بەڕێوەبەری نووسین(١٩٧٦) و بەڕێوەبەری نووسین(١٩٧٧-١٩٨٦) کاریکردوە. ساڵی(٢٠٢٠) مردووە. Robert D. McFadden, Seymour Topping, Former Times Journalist and Eyewitness to History, Dies at 98, the New York times(Newspaper),, Nov. 8, 2020.

٢- توماس فرانسیس برادی، لە باشووری کالیفۆرنیا لەدایک بووە و ساڵی (١٩٣٦) بەکالۆریۆسی لە بەشی مێژووی کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی کالیفۆرنیا لە لۆس ئەنجلوس تەواوکردوە.(١٦) ساڵ وەک پەیامنێر و بەرپسی نووسینگەی ڕۆژنامەکە لە لەندەن(١٩٥٢-١٩٥٣) و پاریس(١٩٥٣-١٩٥٥) و جەزائیر و تونس و مەغریب (١٩٥٥-١٩٦٢) و هیند(١٩٦٢-١٩٦٥) و بەیروت(١٩٦٥-١٩٦٨) کاریکردوە. ئەم بابەتانەی بڵاویکردۆتەوە لە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز، تایبەت بوون بە کێشەی پەنابەرە فەلەستینییەکان و ژیان لە شارە بچووکەکانی جەزائیر لەکاتی جەنگی ناوەخۆیی ئەم وڵاتە. THOMAS F. BRADY, TIMES REPORTER, The New York Times (Newspaper), April 5, 1972 April 5, 1972, p.48.

٣- ولیام سافیر(١٩٢٩-٢٠٠٩): نووسەری وتارەکانی سەرۆکی ئەمریکا ریتشارد نیکسون و گۆشەی سیاسی براوەی خەڵاتی (بولیتزر)ی نێودەوڵەتی بووە لە ساڵی (١٩٧٨). لەتەمەنی (٧٩) ساڵیدا بە نەخۆشی شێرپەنجەی پەنکریاس مردووە. نازناوی (ڕەخنەگر)ی لە خۆی ناوە. خاوەنی سەدان وتار و ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانییە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەمریکا. سەرباری چاپکردنی (٤) ڕۆمان، کە لەیەکێکیاندا باس لە یاداشتەکانی خۆی دەکات، لەو کاتەی لە کۆشکی سپی کاریکردوە. McFadden, Robert D.(2009), William Safire, Political Columnist and Oracle of Language, Dies at 79, The New York Times(Newspaper),, Sept. 27.

٤- ڕۆژنامەیەکی ئەمریکیە و بارەگایەکەی لە شاری نیویۆرکە. یەکەم ژمارەی لە(١٨ی ئەیلولی ١٨٥١) بەناوی ( The New York Daily Times) بڵاوبۆتەوە . خاوەنی ئەم ڕۆژنامەیە(کۆمپانیای نیویۆرک تایمز)ە. Eric Dash, Mexican Billionaire Invests in Times Company, The New York Times(Newspaper),, Jan. 19, 2009

٥- ئۆتیس جی پایک(١٩٢١-٢٠١٤) :ساڵی ١٩٦٠ بۆتە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران(کۆنگریس)ی ئەمریکا لەسەر پشکی دیموکراتەکان. بۆ ماوەی (١٨) ساڵ لەم ئەنجومەنە ماوەتەوە. ساڵی ١٩٧٥ سەرۆکایەتی لیژنەی لێکۆڵینەوەی کۆنگریسی کردوە لەسەر پرسی پەیوەندیە نهێنیەکانی ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی ئەمریکا(CIA). N. R. Kleinfield, Otis G. Pike, 92, Dies; Long Island Congressman Took On C.I.A, The New York Times(Newspaper),, .Jan. 20, 2014

## سەرچاوەکان:

- کتێب

- بەزمانی عەرەبی

– جليلي وأخرون، جليل.(2013)، الحركة الكردية في العصر الحديث، دار الفارابي للنشر.

– خارو داکی، ماريانا.(2013)، الكرد والسياسة الخارجية الامريكية(العلاقات الدولية في الشرق الاوسط منذ 1945)، أراس– ألفارابي، أربيل.

– الدليمي، عبدالرزاق.(2019)، أخلاقيات الاعلام و تشريعاته في القرن الحادي والعشرين،دار الياوزي العلمية للنشر والتوزيع.

– الدليمي، عبدالرزاق.(2019)، صناعة الاعلام المعاصر،دار الياوزي العلمية للنشر والتوزيع.

### بەزمانی ئینگلیزی

- Acemoglu, Daron and Robinson, James A. (2012), Why Nations Fail the Origins of Power, Prosperity, and Poverty, New York.
- Bob Woodward and Carl Bernstein, (1976), The Final Days, New York.
- Tarbell, Ida M. (1904), The history of the Standard Oil Company, New York.
- ڕۆژنامە
- the village Voice (Newspaper)
- Latham, Aaron. (1976), Report The President Does Not Want You to Read, Introduction to the Pike Paperss, Vol. XXI, No.7، February 16.
- The New York Times (Newspaper),
- THE INSURGENT KURDS, October 24, 1880.
- Turks and Kurds Attack the British, April 15, 1915.
- Rebellious Kurds Capture Diyarbakir, The New York Times, February 26, 1925.
- Schmidt, Dana Adams. Kurds' Guerrilla Tradition Aids Rebels in War on Iraqi Army, September 12, 1962.
- Schmidt, Dana Adams. (1962), Kurdish Rebel Chief Says Force Is Only Way to Win Autonomy; Kurdish Chief Follows Policy of Strength RELIES ON FORCE TO WIN AUTONOMY Mullah Mustafa a Fighter Who Has Often Led His Tribesmen in Revolt Brothers Disagree On Task of Tribe General Relates Story of Republic Kassim Friendly to Kurds at First Rebellion Shows Mark on General, ، September 11.
- Schmidt, Dana Adams. (1962), Kurds' Guerrilla Tradition Aids Rebels in War on Iraqi Army, , September 12.
- Topping, Seymour. (1962), Iraq Reds Ask Link with Kurds; Have Tacit Approval of Kremlin; IRAQI REDS ASKING LINKS WITH KURDS, Sept. 15.
- Schmidt, Dana Adams. (1963), Kurd Chiefs Leaving Mountains for Peace Meetings in Baghdad; Kurd Chief's Leaving Mountains for Baghdad, New York Times(Newspaper), February 18.
- Holden, David. (1974), Almost Unnoticed Except by Iraq,KURDS Press Their War, september22..
- Safire, William. (1976), Mr. Ford's Secret Sellout, Feb. 5,
- Guikovaty, Emile. (1976), De Como os curdos foram trocados porum barril de petroleo, March21.
- Safire, William. (1976), Kurds and Conscience, The Dispatch(Newspaper), Dec13.
- Carter and Conscience(Newspaper)
- Safire, William, (1977), Of Kurds and Kissinger., December 19.
- Sven Simon, (1979), MUSTAFA BARZANI KURDS' LEADE DIES, March 2, p.13.
- Youngstown Vindicator(Newspaper)
- Makinley,Webb. (1962), Kurds Keep Fighting for Free State, May22.
- Daytona Beach Morning Journal (News Paper)
- Rayan, William L. (1962), A Middle Eastern Castro, sep14.
- The Montreal Gazette (Newspaper),
- Efty, Alex. Barzani. (1963), Threat in Iraq: Self Rule Soon or War Resumes, March2.
- perera, Judith. (1979), Kurds Seek Unity, May30.
- The Washington Reporter (Newspaper),
- May, Donald. (1963), Kurdish Tribesmen Iraqi Army Fight Savage War, July 16.
- The Tuscaloosa News(Newspaper),
- The Leader of Kurds Seems Protected, 16 Dec1971.
- Anderson, Jack. (1977), CIA Record with Small Nations Ignoble, April25.
- The Day(Newspaper),

- Meclure,Hal.(1974), Kurdistan War Goes Unnoticed, Sep13,1974.
- Spokane Daily Chronicle (Newspaper),
- Rebel Kurdish forces claim to have shot down two Iraqi planes, March13,1975.
- Newsom, Phil. (1975), Kurds Flee Iraq After Cutoff of Aid by Iran, No. (158), March27.
- Thurgood, Liz. (1975), Kurdish guerrilla begins anew life, May30.
- Anderson, Jack. (1978), Barzani Waiting in Vain for U.S. to Assist Kurds, March13.
- The Telegraph (Newspaper),
- Neusom, Phil. (1975), Sacrifices to Politics of Oil, March27,1975.
- Washington post(Newspaper),
- Feldstein, Mark. (2022), The Nixon White House plotted to assassinate a journalist 50 years ago, March 25,
- J. Y. Smith, Gen. (1979), Mustafa Barzani, Exiled Kurdish Chieftain, Dies, Washington post (Newspaper), March 3,
- Sarasota Journal,
- Hempstone, Smith. (1977), Present Grim, Future Bleak for The Kurds, July 19.
- Kentucky New Era(Newspaper),
- Anderson, Jack. (1978), United States of America would like the tribes to fade
- away, March11.

▪ گۆڤار

- خلف، مزهر حسين. (2023)، تأثير وسائل ألاعلام في صنع ألقرار السياسي ألامريكي, مجلة قضايا سياسية، ع(75)، كانون الاول.

▪ سایتی ئەلیکترۆنی

▪ عەرەبی

- مستعد، محمد.(٢٠٢١)، قراءة في تاريخ الصحافة الامريكية، معهد ألجزيرة للآعلام. نشرت 28/ أبريل.https://institute.aljazeera.net/ar/ajr/article/1457

▪ ئینگلیزی

- JOSHUA,BENTON. and HANAA, TAMEEZ. (2020), Cleveland is where the American Newspaper Association was born, May 13. https://www.niemanlab.org/2020/05/cleveland-is-where-the-american-newspaper-union-was-born.
- Morris, David Z. (September 3, 2019). "Editor & Publisher Sold to News Veteran, Who Plans to Expand Magazine's Focus"

# دور الصحفيين الأمريكيين في الترويج للقضية الكردية في العراق 1961-1979

**قارەمان حيدر رحمان/** قسم التاريخ- كلية الاداب- جامعة صلاح الدين-أربيل،أقليم كوردستان،العراق
qaraman.rahman@su.edu.krd
**نجم الدين عبدالله اسماعيل/** قسم التاريخ- كلية الاداب- جامعة صلاح الدين-أربيل،أقليم كوردستان،العراق
najmaddin.ismael1@su.edu.krd

**ملخص**

لقد كانت القضية الكردية في العراق من أنسب موضوعات الصحافة العالمية منذ قيام الدولة. لكن مع اندلاع الثورة الكردية عام 1961 وحتى وفاة الزعيم الثوري الملا مصطفى بارزاني عام 1979، عملت الصحافة العالمية بشكل مكثف على كل هذه القضايا المتعلقة بالقضية الكردية في المنطقة. ومن الواضح أن الصحافيين الأميركيين، بسبب دورهم البارز في هذا المجال وعلاقة هذه القضية بالمعادلات الدولية، أصبحوا أكثر انخراطاً في هذا النقاش. وهكذا كان لهم دور مهم في التعريف بالقضية الكردية للعالم وعلى هذا الأساس خصصنا هذه الدراسة بعنوان (دور الصحفيين الأمريكيين في التعريف بالقضية الكردية في العراق 1961-1979) لمناقشة ثلاثة مواضيع رئيسية. الموضوع الأول للمقال بعنوان (ملخص تاريخي لموقف الصحافة الأمريكية تجاه القضية الكردية قبل اندلاع ثورة أيلول). أما الموضوع الثاني فهو بعنوان (دور الصحفيين الأمريكيين في نقل صورة الثورة الكردية في جنوب كردستان (1961-1975)). وناقش الجانبان الموقف الإنساني وتعاطف الصحفيين الأمريكيين تجاه القضية الكردية والوضع في العراق.

**الكلمات المفتاحية:** كرد، القضية، صحيفة، ثورة، أمريكا.

## The Role of American Journalists in Promoting the Kurdish Issue in Iraq 1961-1979

**Qaraman Haidar Rahman/** Department of History, Collage of Arts, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Qaraman.rahman@su.edu.krd
**Najmaddin Abdullah Ismail/** Department of History, Collage of Arts, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
najmaddin.ismael1@su.edu.krd

**Abstract**

The Kurdish issue in Iraq has been one of the most appropriate topics for the international press since the establishment of the state. But with the outbreak of the Kurdish revolution in 1961 and until the death of revolutionary leader Mullah Mustafa Barzani in 1979, the international press worked intensively on all these issues related to the Kurdish issue in the region. It is clear that American journalists, because of their prominent role in this field and the relationship of this issue to international equations, have become more involved in this debate. Thus, they played an important role in introducing the Kurdish issue to the world, and on this basis, we devoted this study entitled (The Role of American Journalists in Introducing the Kurdish Issue in Iraq 1961-1979) to discuss three main topics. The first topic of the article is entitled (A historical summary of the American press's position on the Kurdish issue before the outbreak of the September Revolution), while the second topic is entitled (The role of American journalists in conveying the image of the Kurdish revolution in southern Kurdistan (1961-1975)). The two sides discussed the humanitarian situation and the sympathy of American journalists towards the Kurdish issue and the situation in Iraq

**Keywords:** Kurd, issue, newspaper, revolution, America.